گـۆڤـاری زانـكـۆی راپــەریــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper16

رێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 2023/06/23
رێکەوتی پەسەندکردن: 2023/11/01
رێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 2024/4/29

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم و کێشەی سنوری عوسمانی – قاجاری و کاریگەرییان لەسەر ئێڵی بڵباس (١٨٤٧-١٨٨٠)

بەختیار مصطفى هومر[١] - دڵشاد محمود عبدالرحمن[٢]

dilshad.m.a@su.edu.krd - bakhtyar.homar@su.edu.krd

[١+٢]بەشی مێژو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئێڵی بڵباس یەکێتییەکی هۆزایەتی بو، لە سەدەی نۆزدە لە هۆزەکانی مامەش، مەنگوڕ، پیران، سن، ڕەمک، هورمزیار و گەورک پێکهاتبو، هەڵکەوتەی شوێنی ژیان و نیشتەجێبونیان دەکەوتە نزیک سنوری نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، هۆزەکانی بڵباس لە سەدەی نۆزدەدا بە زۆری بە شێوازی کۆچەری و نیمچە کۆچەری دەژیان، بە درێژایی ساڵ خەریکی گەرمیان و کوێستان بون و پابەندی مەرج و یاساکانی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری نەدەبون، وەک نەریتێکی لەمێژینەیان لەگەڵ نزمبونەوەی پلەکانی گەرما و هاتنی سەرما ڕویان لە ناوچە گەرمەسێرەکانی ولایەتی موسڵ و شارەزوری دەوڵەتی عوسمانی دەکرد، لە دوای نەمانی لەوەڕ و بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما ڕویان لە ناوچە کوێستانییەکانی هەرێمی موکریانی ژێر دەستی دەوڵەتی قاجاری دەکردەوە، ئەو کۆچ و ڕەوی هۆزەکانی بڵباس سنورە دەست کرد و بەندی پەیماننامە ئاشتییەکانی نێوانیانی پێشێل دەکرد، هەربۆیە هەردو دەوڵەتەکە هۆزەکانی بڵباسیان بە سەرچاوەی نائارامی و سنوربەزاندن تاوانبارکرد بو، لە پەیماننامە و ڕێککەوتنامە سنورییەکانی نێوانیان بەردەوام بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بە هۆزەکانی بڵباس کردوە، کە چۆن بتوانن ملکەچ و گوێڕایەڵی حکومەتی ناوەندییان بکەن و لە ناوچەیەکی دیاری کراودا نیشتەجێیان بکەن.

بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە زۆر ڕێگەیان بەکارهێناوە، هەر لە هێرش و پەلاماری سەربازیی هاوبەش بۆ سەرکوتکردنی ئێڵی بڵباس تا دەگاتە فێڵ و تەڵەکە و پەرتکردنی یەکێتیی ڕیزەکانی بڵباس و دروستکردنی

ناکۆکی و شـــەڕ لە نێوانیاندا، یاخود بە شـــەڕدانیان لەگەڵ هۆزەکانی دیکەی کورددا، بەڵام هەمو ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاســـتییەن کە هۆزەکـانی ئێڵی بڵبـاس، ســـەربـاری ئەوەی لە هەڵکەوتەیەکی گرنگی جیۆپۆلۆتیکیدا بون، لە هەمانکاتدا بەهۆی ئازایی و خۆبەدەستەوە نەدانیان بۆ خواستە بەردەوامەکانی هەر دو دەوڵەت، هەمیشـــە لە بارودۆخێکی نائارام و پەشـــێویدا ژیاون و بونەتە جێی باســـی پەیماننامە و بەڵگەنامەکانی ئەو ڕۆژگارەی دەوڵەتانی عوســـمانی و قاجاری و کاریگەری گەورەییان لەســـەر مێژوی ڕوداوەکانی ناوچەکەدا هەبوە.

**کلیله وشەکان:** پەیمانی دوەمی ئەرزڕوم، کێشەی سنوری، عوسمانی و قاجاری، ئێڵی بڵباس.

## پێشەکی:

پەیمـانی دوەمی ئەرزڕوم (١٨٤٧) و کێشـــەی عوســـمـانی- قـارجـاری، یەکێکە لەو بـابەتە گرنگـانەی کاریگەری ڕاسـتەوخۆ و هەمیشـەیی لەسـەر مێژوی نوێ و هاوچەرخی کورد و کوردسـتان بەجێهێشـتوە، چونکە ئەم پەیماننامەیە کۆتایی بە شـەڕی ڕاسـتەوخۆ و درێژخایەنی نێوان هەردو دەوڵەت هێنا و دەسـتی واڵاکردن بۆ لێدان و ڕوخاندنی میرنشینە کوردییەکان و بەستنەوەی هەمو هەرێم و ناوچە کوردییەکان بە دەســەڵاتی ناوەندییەوە، ئەمەش ڕێگە خۆشـکەر بو بۆ زیاتر ملکەچ پێکردنی هۆزە کوردییەکان، بە تایبەتی ئێڵی بڵباس، کە لە هەڵکەوتەیەکی جیۆســیاســی گرنگی ســنوری نێوان هەردو دەوڵەتەکەدا دەژیان و بە درێژایی چەندین سـەدە لە مێژوی ڕوداوە سـنورییەکانی نێوان هەردو دەوڵەتدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبوە، چونکە هۆزەکانی بڵباس کۆچەری بون و پابەندی یاســا ســنورییەکانی عوســمانی و قاجاری نەدەبون، ئەمەش وایکردبو ئێڵی بڵبـاس ببێتە بـابەتی کێشـــەی ســـنوری نێوانیـان و لە چوارچێوەی پەیمـاننـامە ئاشتییەکان، بە تایبەتی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم پانتایەکی فراوان داگیر بکات.

بۆیە پرســیاری ئەوە دێتە پێش، کە ئایا دەرهاویشــتە و کاریگەری پەیمانی دوەمی ئەرزڕوم و کێشــەی ســنوری لەســـەر ئێڵی بڵباس چ بوە؟ هەروەها ڕۆڵ و کاریگەری و کاردانەوەی هۆزەکانی بڵباس لەســـەر ڕەوتی ڕوداوە سنورییەکانی نێوان هەردو دەوڵەت چۆن بوە؟ ئەم پرسیارە وای لە توێژەر کردوە، کە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدات و هەوڵ بدات وڵامی بداتەوە. سەربای ئەمەش هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێڵی بڵباس ڕۆڵێکی کاریگەریان لە مێژوی نوێ کورد و کێشە ســـنوریی نێوان دەوڵەتانی عوســـمانی و قاجاریدا هەبوە، بەڵام تاوەکو ئێســـتا هیچ توێژینەوەیەک لەو بـارەیەوە ئەنجـام نەدراوە، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە ئەو مێژوە پەراوێز خراوەی ئێڵی بڵبـاس

وەک بەشێک لە مێژوی کورد بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و کاریگەری ئەو پەیماننامەیە و کێشەی سنوری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری لەسەر ئێڵی بڵباس ڕون بکرێتەوە، دیارە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و کیشە و ئاستەنگی وەک دەست خستنی بەڵگەنامە و وەرگێڕانیان بۆ زمانی کوردی و دوبارە داڕشتنەوە و سود لێوەرگرتنیان ڕوبەڕوی توێژەر بۆتەوە، بەڵام سەرباری ئاستەنگەکانیش هەوڵدراوە بە پشت بەستن بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەیی مێژویی شـــیکاری و ســــاغکردنەوەی بەڵگەنامەکان ئەنجامگیرییەکی ورد و زانستیانەتر بەدیبهێنین.

ئەم توێژینەوەیە لەم پێشــەکییە و دو تەوەرە و باســی ســەرەکی و ئەنجام پێکهاتوە، تەوەری یەکەمیان لەژێر ناونیشـــانی: "پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم (١٨٤٧) و کاریگەریی لەســــەر ئێڵی بڵباس" دایە، هەوڵ دراوە لە چوارچێوەی ســـێ باســـدا وردەکارییەکانی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم و کاریگەری لەســـەر هۆزانی بڵباس ڕون بکرێتەوە، باسی یەکەم: تایبەت کراوە بۆ باسی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم، کە چۆن و کەی بەســتراوە و هۆکاری بەســتنی پەیماننامەکە لەم باســەدا خراوەتە ڕو. لە باســی دوەمدا: کاریگەری پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم لەســـەر ئێڵی بڵباس خراوەتە بەر باس و شــیکراوەتەوە، باســـی ســێیەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەو بارودۆخە سیاسـی و هۆزایەتییەی لە دوای پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم لە کوردســـتان هـاتوەتە ئـاراوە و کـاریگەری بەســــەر ئێڵی بڵبـاس ڕون کراوەتەوە. تەوەری دوەمی توێژینەوەکە بە ناونیشانی: "ئێڵی بڵباس و کێشەی سنوری عوسمانی و قاجاری لە ساڵانی (١٨٤٧-١٨٨٠)"، تایبەتکراوە بۆ باسکردنی کێشەی سنورییەکانی ئەو دو دەوڵەتە و لێکەوتە مێژوییەکانی لەسەر هۆزەکانی بڵباس. لە ئەنجامیشدا پوختەی ئەنجامگیرییەکەی توێژینەوەکە خراوەتەڕو.

لەم توێژینەوەیەدا پش بە چەندین ســــەرچاوەی جۆراوجۆر بەســـــتراوە، بەتایبەتی بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتانی عوســــمانی و قاجاری، چونکە ئەو زانیارییە ورد و تەواوانەی لە ناو بەڵگەنامەکاندا هەبون، لە هیچ سەرچاوە و کتێبک بەردەست نین، لە گرنگترین بەڵگەنامەکانی عوسمانی:

(BOA: Y__PRK_ASK__00244_00010_002_001) ئەم بەڵگەنــامەیە بۆ ســــاڵی (١٨٥١) دەگەڕێتەوە و باس لە دیاریکردنی ســـنور لە ناوچە بڵباس نشـــینەکان دەکات لەلایەن لیژنەی دیاریکردنی سنور.

(BOA: HR_MKT__00632_00048_001_001.) ئەم بەڵگەنامەیەش بۆ سـاڵی (١٨٦٨) دەگەڕێتەوە و باسی ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ و پەلاماردانی سەردەشت دەکات، کە چۆن بارگرژیی تازەی سنوری لە نێوان هەردو دەوڵەتەکەدا لێکەوتوتەوە. هەرچی بەڵگەنامەقاجارییەکانن لە کتێبی (گزید اسـناد سـیاسـی

ایران و عثمانی دوره قاجاریه، وزارت امور خارجه جمهوری اســـلامی ایران) لە بەرگەکانی یەکەم و دوەم و شەشەم وەرگیراون و وەکو بەڵگەنامەی بڵاوکراوە سودیان لێوەرگیراوە، کەموکوڕی زانیاری و ڕوداوە مێژوییەکانی ناو بەڵگەنامە عوســـمانییەکانیان بۆ تەواو کردوین، هەرچی کتێبەکانیش بون، لە گرنگترینیان (محەمەد خورشید پاشا، گەشتنامەی سنور، لە نێوان دو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا)ە، کە نوسەری ئەم پەرتوکە لە دوای پەیمانی دوەمی ئەرزڕومەوە لە ئەندامانی لیژنەی دیاریکردنی سنور بوە، هەروەها کتێبی (کوردستان و کیشەی سنوری ئێرانی– عوسمانی (1639–1847)، نەجاتی عەبدوڵڵا)، کە باس لە کێشەی سـنوری نێوان عوسـمانی و ئێرانییەکان دەکات، بە زمانی عەرەبیش کتێبی (الامبراطوریات، الحدود والقبیلة؛ کردسـتان ونزاع الحدود الترکي-الایراني 1843-1932، نجاة عبدالله) لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆرایە و لەسـەر کێشــە سـنورییەکانی عوسـمانی وقاجاری نوسـراوە، هەروەها کتێبی (العلاقات العثمانیة الإیرانیة تطوراتها وتأثیر العراق العثمانی فیها وانعکاســـها علیه ١٨٢٣-١٨٧٥، جمیل موســـی النجار) باس لە پەیوەندییەکانی عوسمانی و ئێرانی لە ماوەیی توێژینەوەکەدا دەکات و کێشە و هەرا سنورییەکانیش دەخاتە بەر باس و بۆ ئەم توێژینەوەیە کەڵکی لێوەرگیراوە، لە ســەرچاوە ئینگلیزییەکانیشــدا کتێبی (The Ottoman–Iranian Borderlands Making a Boundary, Sabri Ateş) ، کە پەیوەندیدارە بە توێژینەوەکەی ئێمە و سـودی زۆری لێوەرگیراوە، لە لێکۆڵینەوەکانیشـدا (الحدود العراقیة الإیرانیة، مجلة دراسـات والبحوث الوطن العربي، العدد (20-21)، محمود أحمد، بیداء) لێکۆڵینەوەیەکە لە زانکۆی مصـــتنصـــریە لەســـەر کێشـــەی سنوری عێراق و ئێران ئەنجامدراوە، کە تێیدا گەڕاوەتە سەر پێشینەی کێشەی سنوری دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، بۆیە لێرەدا سودی لێ بینراوە.

## تەوەری یەکەم: پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم (١٨٤٧) و کاریگەری لەسەر ئێڵی بڵباس:

هەریەک لە دەوڵەتانی عوسـمانی و قاجاری بە درێژایی سـەدەی نۆزدەهەم لە ململانێ و لەشـکرکێشـی بەردەوامدا بون لە پێناوی دەسـت بەسـەر داگرتنی ناوچە سـنورییەکانی کوردسـتان، کارییان کردوە بۆ ڕاکێشـــان و ملکەچ پێکردنی ئێڵ و هۆزە کوردییەکان بەلای خۆیاندا، تا لەو ڕێگەیەوە خاوەندارییەتی ئەو ناوچانە بۆ خۆیان مسـۆگەر بکەن، بەڵام هەوڵەکانیان لەو ڕێگەیەوە ئەنجامێکی یەکلایکەرەوەی نەبو، بۆیە بە ناچاری (پەیماننامەی یەکەمی ئەرزڕوم)یان لە ساڵی (١٨٢٣) ئیمزا کرد، کە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە ئێڵ و هۆزە کوردییەکان و چارەسـەرکردنی کێشـەی سـنوری نێوانیانەوە هەبو، ئەم پەیماننامەیە نەیتوانی کێشـــەی ســـنوری نێوانیان چارەســـەر بکات، چونکە پەیمانەکە لەســـەر خاکی کوردان بەســـترا بو بۆ یەکلایکردنەوەی چارەنوسی و دابەشکردنی خاک و خەڵکی کوردستان لە نێوان خۆیاندا و نیشتەجێکردن

وجڵەوکردنی هۆزە کۆچەرییە کوردەکان، هەر بۆیە زو هۆز و ئێڵ و میرنشـینە کوردییەکان دەسـتیاندایە نارەزایەتی و ئەنجامدانی ڕاپەڕین، لەوانە هۆزەکانی ئێڵی بڵباس لە دژی حکومەتی قاجاری دەسـتیان بە جموجۆڵی و ڕاپەڕین کرد، ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی عوسـمانی سـاڵی(١٨٢٤) ڕەنگدەداتەوە، کە دەڵێت:" شـای ئێران بە هۆی دەسـتەوەسـتان بونی بەرانبەر ئێڵی بڵباس و لە ترسی ئەمانە بەدوری دو کاتژمێر لە تەورێز شـوێنی بەرز و پاسـەوانی داناوە(. BOA: HAT_00813_37262_C_00001). هەروەها میر محەمەدی ڕەواندز لە سـاڵی (١٨٣٢) دوای فراوانخوازییەکانی لە خاکی دەوڵەتی عوسـمانیدا، لە ژێر فەرماندەیی شا موراد بەگ لەشکرێکی میرنشینی سۆرانی ناردە سەر لاجان[1] و خاکی موکریان، شا موراد بەگ توانی لاجان بگرێت و لە گوندی نەڵوس و پەسـوێ قەڵای دروسـتکرد، لە گوندی کۆنە لاجان، کۆنە قەڵایەک هەبو ئەویشـی تازە کردەوە، لەشـکری سـۆران بەردەوام بو لە هێرشـەکانی و پەلاماری (سـەندوس)یدا، هەر لەو سـاڵەدا لە گوندی (محەمەدشـا) لەشـکری موکریان و سـنە و مەراغە و تەورێز بەیەکەوە ڕوبەڕوی لەشـکری سـۆران بونەوە، بەڵام شـا موراد بەگ تێکی شـکاندن و ماڵ و کەلوپەلێکی زۆری دەسـتکەوت (حوزنی، ب٢، ٢٠٠٧، ٥٢-٥٣). هۆزەکانی ئێڵی بڵباس بەهۆی دوژمنایەتیان لەگەڵ حکومەتی ئێران پێشـوازییان لە لەشـکری میر محەمەد کرد و ژمارەیەکی زۆریان چونە ناو سـوپاکەیەوە، میر محەمەدیش سـوارەکانی بڵباسـی وەک سـوارچاکی تایبەتی خۆی هەڵبژارد(فاضـلی، ١٣٩٨، ٤٠). ئەم بارودۆخە لەگەڵ چەندین هۆکاری تر، ای لە هەر دو دەوڵەتی عوسـمانی و قاجاری کرد بە ناوەندگیری بەریتانیا و ڕوسـیا لە سـاڵی (١٨٤٧) پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕومیان بۆ هەمان مەبەسـت ئیمزا کرد، ئەم پەیماننامەیە کاریگەری بنەڕەتی بەسـەر کورد و کوردسـتانەوە هەبو، قۆناغێکی تازەی بۆ ئێڵ و هۆزە کوردییەکان، بە تایبەتی بۆ هۆزەکانی ئێڵی بڵباس هێنایە پێشێ، بۆیە بۆ ئەوەی بابەتیانە شی بکەینەوە لەم باسانەی خوارەوەدا ڕونی دەکەینەوە.

### ١- پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم (١٨٤٧):

کوردستان هەر لە سەرەتای سەدەی شازدەوە لە نێوان دو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا دابەش کرابو، ئەم دو دەوڵەتە بۆ پاراسـتنی سنورەکانیان لە بەرانبەر دەسـتدرێژییەکانی یەکتر، ئێڵ و هۆزە کوردەکانیان لەسەر سنورەکانی خۆیان جێگیر کردبو، پاراستنی ئەو ناوچانەیان بەوان سپاردبو، لە بەرانبەردا سەرەتا هیچ باج و خەراجێکیان لە کوردەکان نەدەسـتاند، موڵک و ماڵیشـیان پێدەدان و هۆزە کۆچەرەکانیان هان دەدا لەم ناوچانەدا نیشـتەجێ ببن، تا سـەرۆک هۆزەکانی ئەم ناوچانە بەرە بەرە بونە دەرەبەگی بەهێز، لە سـەدەی هەژدەیەم بەو لاوە، هەر دو دەوڵەتی عوسـمانی و ئێرانی بە هۆی شـەڕی ناوخۆیی ئاغا و دەرەبەگە بەهێز و دەسـتڕۆیشـتوەکان، هەروەها زوڵم و سـتەمی بەرپرسـانی دەوڵەت دژ بە خەڵک، وردە

وردە لە باری ســـیاســـی و ئابورییەوە بەرەو لاوازی چون، بۆیە هێز و دەســـەڵاتی ناوەندی لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتدا بە تایبەت ناوچە سنورییە دورە دەستەکان نەمابو، ئەو ئاغا و دەربەگانەی هەستیان بە بەهێزی خۆیان کردبو، هەوڵیان دەدا خۆیان لە ژێردەســـتەبونی حکومەتی ناوەندی ڕزگار بکەن و خۆیان دەسەڵاتی ناوچەکانی خۆیان بگرنە دەست(صالح و صالح، ٢٠١٠، ٦).

ســەرباری هەبونی کێشــە مەزهەبی و بازرگانی، هەبونی ناوچە هۆزنشــینەکان لەســەر ســنوری هەردو دەوڵەت و نائارامی و بێ ســـەروبەریی فەرمانڕەوایانی بەغداد و ســـلێمانی یەکێک بون لەو کێشـــانەی، کە هەردەم سەرنجی پادشایانی عوسمانی و ئێرانیان بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، ئەم کێشە سنورییە بە درێژایی مێژوی هەردو دەوڵەت بە ناڕونی و چارەســـەرنەکراوی مابوە، بۆیە لە ســـەرەتای ســـەدەی نۆزدە و لە ســەروەختی ئەنجامدانی چاکســازییەکانی عوســمانی و دەرکەوتنی ســیاســەتی بەناوەندیکردنی دەســەڵات و دواتر لەناوبردنی دەســەڵاتی میرنشــینە کوردییەکان لەســەر دەســتی دەوڵەتانی عوســمانی و قاجاری، وەکو نارەزاییەک دژ بەو ســـیاســـەتە، چەندین جوڵانەوە و ڕاپەڕین لە لایەن میرنشـــین و هۆزە کوردییەکانەوە ئەنجامدران، هەر ئەمەش وای لە هەر دو دەوڵەتەکە کرد لە پەیماننامەیەکی ئاشـــتی بە ناوی پەیماننامەی یەکەمی ئەرزڕوم لە ســـاڵی (١٨٢٣) لە یەک نزیک ببنەوە، بە ئامانجی لێدانی ئەو جوڵانەوە و ڕاپەڕینانەی لەهەردو لای ســـنور ســـەریان هەڵدابو، هەروەها هاوکاری کردنی هەر دو دەوڵەتەکە بۆ یەکتری و قەدەغەکردنی هاتوچۆی هۆزە کوردییەکان لەسەر سنور و ڕێگریکردن لێیان بۆ نەبەزاندنی سنورەکان، کە زۆر کات دەبونە هۆی ســـەرهەڵدانی کێشـــە لە نێوان ئەو دو دەوڵەتەدا(نانەکەلی، ٢٠١٤، ١٣٦). کاتێکیش پەیماننامەی یەکەمی ئەرزڕوم نەیتوانی ئاشـــتی و ســـەقامگیری لە ناوچەکەدا بهێنێتە ئاراوە، تەنانەت ئەو هۆزە کۆچەرییانەی لەســەر ســنوری ئێرانی و عوســمانی دەژیان و ناســنامەیان ڕون نەبو، دەچونە خاکی هەردو دەوڵەت و لێی دەردەچون، هەندێ جاریش بە هۆی ئەنجامدانی تالانکاری و پەلامارەکانیان و زیان گەیاندنیان بە خەڵکی و ســکالاکردنی خەڵک لە دژیان، دەبونە هۆی دروســتبونی ناکۆکیەکی توند لە نێوان هەردولا(Karadeniz, 2012, 309).

ئەو بارودۆخە لە ســـالانی دواتریش بەو شـــێوەیە بەردەوام بو، وەک لە بەڵگەنامەیەکی قاجاری ڕون دەبێتەوە، کە وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ئاراســـتەی محەمەد شـــای قاجار(١٨٣٤-١٨٤٨)ی کردوە، کە یەکێک لە هۆکارەکانی تێکچون و ململانێی نێوان دەوڵەتانی عوســـمانی و قاجاری لە ســـاڵی (١٨٤٥) بۆ کەمتەرخەمی و خۆبەدورگرتنی دەوڵەتی عوســمانی دەگەڕێنێتەوە لە ڕێگریکردن و ڕادەســتکردنی ئەو ئێڵ و هۆزانەی لە ناو خاکی عوســـمانییەوە کوشـــتن و تالانی و ســـنور بەزاندن بەرانبەر بە خەڵک و خاکی دەوڵەتی قاجار ئەنجام دەدەن، کە دواتر ئەوە لە پاڵ چەند هۆکارێکی دیکە، وا لە دەوڵەتانی عوســـمانی و

قاجاری دەكات بە ناوەندگیری دەوڵەتانی بەریتانیا و ڕوسـیا پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم ئیمزا بكەن (صـفائی، بدون سـال، ٤٣،٤١). پەیمانی دوەمی ئەرزڕوم، كە لە ئەرشـیڤی دەوڵەتی ئێران لە كارتۆنی (١٨/١)ی نوسـراوە كۆنەكاندا پارێزراوە و پێكهاتوە لە دەقی ڕەسـەنی پەیماننامەكە[٢]، مێژوی (١٨٤٧/٦/١) بە سـەرەوەیە و دوای ڕەزامەندی محەمەد شـا و سـوڵتان عەبدولمەجید (١٨٣٩-١٨٦١) لە سـەری، لە لایەن میرزا تەقی خـان(١٨٠٧-١٨٥٢)ی نوێنەری دەوڵەتی قـاجـار و ئەنوەر ئەفەنـدی نوێنەری عوسـمـانی لە ئەرزڕوم مۆركرا، كە لە نۆ مادده پێكهاتوە و چەندین ماددەشـی باسـی دابەشـكردنی ناوچە سـنورییەكانی كوردسـتان و ئێڵ و هۆزە كۆچەرییە كوردییەكان دەكات، بە تایبەتی لە ماددەی هەشـتەمدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكـات، كە هەر دو دەوڵەت بەڵێن دەدەن بۆ ڕێگری كردن لە تـاڵانكـاری و دزی و خراپەكـاریی ئێـڵ و هۆزەكانی سـەر سـنور، ڕێكاری پێویسـت بگرنەبەر و جێبەجێی بكەن، بۆ ئەم مەبەسـتە لە ناوچە گونجاوەكاندا پێگەی سـەربازی دادەنێن و ڕوبەڕوی هەر چەشـنە دەسـتدرێژی و تاڵانكاری و دزی و كوشـتن و بڕینێك لە خاكی خۆیاندا دەبنەوە، هەروەها بڕیاریاندا ئەو ئێڵ و هۆزە كێشـە لە سـەرانەی شوێنی نیشتەجێبونیان دیار نییە، یەک جار ڕێگەیان پێ بدرێت ئەو شوێنەی لەمەودوا لێی نیشتەجێ دەبن دیاری بكەن و بەیەكجاری تێیدا بمێننەوە، ئەو هۆزانەشی ڕون و ئاشكرایە هی كام دەوڵەتن بە زۆر ناچار بكرێن بچنەوە خـاكی دەوڵەتی خۆیـان (وزارت امور خـارجـه ...، جلد اول، ١٣٦٩، ٤٧٩-٤٨٥). دوای مۆركردنی پەیماننامەكە، لیژنەیەک[٣]، لە نوێنەرانی هەر چوار دەوڵەتەكە پێكهات بۆ یەكلایكردنەوەی چارەنوسی ناوچە كێشـە لە سـەرەكان و دیاریكردنی سـنوری نێوان هەر دو دەوڵەتی عوسـمـانی و قاجاری، بە تایبەتی لە ناوچەكانی موحەمەرە، زەهاو و سلێمانی (النجار، ٢٠١٦، ١٤٣).

پەیماننامەكە كاریگەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر چارەنوسـی هۆزەكانی ئێڵی بڵباس هەبو، كە لە ناوچە سـنورییەكانی هەر دو دەوڵەت دەژیان و گەرمیان و كوێسـتانیان دەكرد، بە تایبەتی كاتێک هەردو دەوڵەتی عوسـمـانی و قاجاری بە شـێوەیەكی كاریگەر دەسـتیان بە جێگیركردنی هۆزە كۆچەرییەكان لە ناوچە گوندنشـینەكاندا كرد، ئامانجیان لەم كارە ئەوەبو، تاوەكو بیانخەنە ژێر سـایەی یەكەیەكی ئیدارییەوە و ئەو زەوییە كشـتوكاڵییانەیان پێ ئاوەدان بكەنەوە و سـود لە بەروبومەكانیان وەربگرن و باجیشـیان بەسـەردا بسـەپێندرێت و داهاتی حكومەتیان پێ زیاد بكەن، لە لایەكی دیكەشـەوە جێگیركرنی هۆزەكان لە زەوییە بەتاڵ و كەم دانیشـتوانەكان بۆ دروسـتكردنی بەربەسـتێكی مرۆیی بو لە دژی هەر داگیركارییەكی دەرەكی و بزوتنەوەیەک، كە لایەنێک لە دژی دەوڵەت ئەنجامی بدات، یاخود بۆ ناچاركردنی هۆزەكان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەركە سـەربازییەكانیان، كە دەوڵەتی عوسـمانی، پێشـوتر بە گوێرەی سـیسـتەمی دەرەبەگیی سـەربازی ناسراو بە (تیمار) بەسەریدا سەپاندبون (ڕؤوف، ٢٠١٢، ٢٦٩).

## ٢- کاریگەری پەیماننامەی دوەمی ئەرزرۆم لەسەر ئێڵی بڵباس:

دوای بەســــتن و مۆرکردنی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم(١٨٤٧)، ناوچە ســــنورییەکانی کوردســــتان بەتایبەتی ناوچە بڵباس نشــینەکان، لە هەردو دیوی عوســمانی و قاجاری بونە تەوەرەی باس و گفتوگۆی لێژنەکانی دیاریکردنی سـنور، لە سـنوری عوسـمانی ناوچەکانی سـەنجەقی سـلێمانی بە گشـتی و قەزا و ناحیەکانی پشــدەر، ڕانیە، بیتوێن، مەرگە، شــارباژێر و شــارەزور بە تایبەتی، هەروەها لە ســەنجەقەکانی کۆیە، هەولێر، موسـڵ و چەندان ناوچەی تری باشـوری کوردسـتاندا بڵاوببونەوە، بەڵام لە دیوی دەوڵەتی قاجاری لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە گشــتی و لە ناوچەکانی ورمێ و دەوروبەری و ناوچەکانی موکریان بە تایبەتی دەژیان، هەر لە کۆنەوە زۆربەی هۆزەکانی ئێڵی بڵباس لە زســـتاناندا ڕویان دەکردە مەڵبەندەکانیان لە خاکی عوسـمانیدا و لە هاوینانیشـدا بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان، کۆچڕەویان دەکرد بۆ هاوینە هەوارەکانیان بە تایبەتی لە وەزنە لە چیایی قەندیل و ناوچەکانی لاجان و مێرگانە و ســابڵاخ لە هەرێمی موکریانی کوردستانی ئێران.

کاتێک ئەندامانی هەردو دەوڵەتەکە بە ناوبژیوانی ئینگلیز و ڕوس کۆبونەوە بۆ مۆرکردنی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم(١٨٤٧)، یەکێک لەو ناوچانەی جێگەی باسی لێژنەکان بو، سەنجەقی سلێمانی بو، سەبارەت بە دەسـتنیشـانکردنی ناوچەی سـلێمانی قسـە و باسـی زۆر هاتوتە ئاراوە و سـەرئەنجام بڕیاردرا هەر دو دەوڵەت ناوبژیوانێک دابنێن، دەوڵەتی قاجاری ڕوسـیای هەڵبژارد و عوسـمانییەکانیش ئینگلیزیان هەڵبژارد (وزارت امور خارجه ...، جلد شــشــم، ١٣٧٢، ١٣). بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک، کە پێکهاتوە لە ڕەشــنوســی دانیشتنی لێژنەکانی عوسمانی و قاجاری لەسەر پرسی سنور، کە تێیدا ئەندامانی عوسمانی ئەوەیان دوپات کردوەتەوە و دەڵێن:" سەنجەقی سلێمانی موڵکی دەوڵەتی عوسمانییە، دەوڵەتی قاجاری دانی بەوەدا ناوە و ڕازییە، ســەبارەت بە ســەنجەقی ناوبراو هیچ جۆرە بانگەشــەیەک ناکات، ئەم خاوەندارێتی و دان پێدانانە پەیوەندی بە هیچ جۆرە مەرجێکەوە نییە، جا بەپێی پەیماننامەی ســــەرەوە و ئەو بەڵگەنامانەی لە بەردەسـتدان سـەنجەقی سـلێمانی سـەر بە دەوڵەتی عوسـمانییە، بەم پێیە سـنوری سـەنجەقی ناوبراو لە باکوری ڕۆژهەڵاتی گوندی داش کەســـەن (تاش کێســـن) لە نزیکی دەریاچەی ورمێ دەســـت پێدەکات و ناوچەکانی مەراغە، سابڵاخ، سەڵدوز، شنۆ، لاجان، بانە، سەقز، قزڵجە، دەوروبەری پاوە، شەمێران و پشت کێو لەخۆ دەگرێت و دەگاتە لوتکەی شــاخەکانی ســەهەند و لەوێشــەوە بە درێژایی ئەو شــاخانەی، کە ناوچەی ڕوباری قزل ئۆزون لە ناوچەی ڕوباری چەغتو جیا دەکەنەوە، درێژ دەبێتەوە تا سنوری قزڵجە و لەوێشەوە لوتکە چیاکانی هەورامان جێ دەهێڵێت و بە چیای شاهۆ کۆتایی دێت، ئەو سنورەی لەسەرەوە دیاریمان کرد هەر هەمان ئەو سـنورەیە، کە بە پێی پەیماننامە و بەڵگەکانی باوەڕپێکراو دیاریکراوە"(وزارت

امور خارجه ...، جلد ششم، ١٣٧٢، ٨٢-٨٤). هەرچەندە بەو پێیە بێت، کە لە پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم دەوڵەتی عوســـمانی بانگەشـــەی بۆ دەکرد زۆربەی ناوچە بڵباس نشـــینەکانی هەردو دیوی باشـــور و ڕۆژهەلاتی کوردســتانی خســتبوە چوارچێوەی ســەنجەقی سلێمانی و بە بەشـێک لە دەوڵەتی خۆی هەژماری کردوە، بەلام ئەو ناوچانە لە زۆربەی کاتەکاندا تەنیا ســــنورێکی ســــەربازی بون و هەمیشـــــە لە باری جەنگ و شــەڕوشــۆڕدا بون، خۆ ئەگەر بۆ ماوەیەکیش دەورانێکی ئاشــتی بەخۆیەوە بینیبێت، ئەوا تەنیا لە ســایەی ترس و شەکەتی سەربازیی هەردو لا بوە(عەبدوڵلا، 2015، 13). هەرچۆنێک بێت ئەو پەیماننامەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر چارەنوسی کورد بەگشتی و هۆزەکانی ئێلی بڵباس بەتایبەتی هەبو، چونکە ناوچەکانی ئێڵی بڵباســی خســتە ناو کێشــەیەکی ســنوری بەردەوامی نێوان هەردو دەوڵەتەوە، کە تا ســالانی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨) بەردەوامی هەبو.

## ٣- بارودۆخی سیاسی و هۆزایەتی لە دوای پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم(١٨٤٧):

چاکســازییەکانی دەوڵەتی عوســمانی(تەنزیمات) لە ســالانی (١٨٣٩-١٨٧٦)، بەتایبەتی چاکســازییەکانی زەوی و بەناوەندیکردنی دەســەلات، یەکێک لە مەبەســتەکانی شــکاندنی دەســەلاتی دەســتەبژێری نەریتی (میرنشـــینە کوردییەکان) و دامەزراندنی پەیوەندی ڕاســـتەوخۆ بو لە نێوان هۆزەکان و حکومەتدا، چونکە لەناوچونی میرنشـینەکان وایکرد ئاغا و دەرەبەگەکان زیاتر لە جاران پێویسـت تر بن بۆ کورد، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئاغاکان بونە نێوەندگیری نێوان جوتیارانی کورد و فەرمانبەرە حکومیە بیانییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە بەسەر ناوچەکانەوە وەک فەرمانڕەوا دانرا بون (Ali, 1997, 286-287). لە دوای پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم (١٨٤٧) و ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان لەسەر دەستی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، هەلومەرجێکی وەها هاتە پێشــەوە، کە ئێڵ و هۆز وەک ڕێکخراوێکی سیاســی و کۆمەلایەتیی کاریگەرتر لە پێشـوتر لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەربکەوێت، چونکە پێشـوتر میرنشـینەکان هەبون باج و سـەرانەیان دەدا بە دەوڵەتانی عوسـمانی و قاجاری، ئەمەش جۆرە دەسـەلاتێکی ئۆتۆنۆمی و ناوخۆیی بۆ دروسـت کرد بون و هۆزە کوردییەکانیش زۆربەی کات لە چوارچێوە و ژێر دەســەلاتی میرنشـینەکاندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، بەلام بە نەمانی میرنشـــینەکان و بنەماڵەی میرانی کورد، پەیوەندی نێوان ســـەرۆک هۆزەکان و دەوڵەتانی عوســمانی و قاجاری لەســەر بنەمایەکی دەرەبەگی دامەزرابو، ئەویش لە ڕێگەی پێدانی زەوی بە ســەرۆک هۆزەکان، ئەوانیش لە بەرانبەر ئەمەدا دەبو باج لە داهاتی زەوی و مەڕومالاتەکانیان و خزمەتی ســەربازی بە پێدانی چەکدار و ســـــوارە پێشـــــکەش بەو دو دەوڵەتە بکەن، ئەم بارودۆخە بە ڕادەیەکی زۆر جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی بۆ ســـــەرۆک هۆزەکان هێنابوە ئاراوە، کە زەمینەیەکی ســـــیاســـــی و ئابوریی لەباری بۆ ڕەخســـــاند بون تا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەندامانی هۆزەکانیاندا هەڵســـوڕێنن (Vali, 2011, 8).

تایبەتمەندێتی ئەو قۆناغەی لە سەرەتای نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدە لەناو شارەکانی کوردستان هاتبوە ئاراوە، ئەوە بو کە هۆزەکان زیاتر بەرەو نیشتەجێبون چون و سەرۆک هۆزەکانیش کران بە فەرمانڕەوای خۆجێی، شارەکانیش بونە جێگەی دەسەلاتی هۆزەکان (Vali, 2011, 10).

ئەگەر پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم بەو شێوەیە، ڕێگەی بۆ ئێل و هۆز و بنەماڵەی شێخەکان خۆش کرد بێت تا زیاتر لە جاران لەسەر شانۆی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی دەربکەون، لە هەمان کاتیشدا هەروەکو چۆن دەوڵەتی عوسمانی دەست کراوەتر کرد بۆ بەناوەندیکردنی دەسەلات و جڵەوکردنی ئێڵ و هۆزەکان، بە هەمان شێوەش دەوڵەتی قاجاریش کەوتە لێدانی هەمو ئەو ئێڵ و هۆز و دەسەلاتە خۆجێیانەی، کە لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران هەبون، یەکێک لەو ئێڵە بەهێز و کاریگەرانە بڵباس بو، کە هەمیشە کاربەدەستە یەک لە دوا یەکەکانی قاجاری لە تاران و تەورێز، بە بیانوی کێشەنانەوە و سەرچاوەی نائارامی، پەلاماری ناوچەکانی بڵباسیان داوە. بەڵگەنامەیەکی قاجاری، کە بۆ (مایسی ١٨٥٠) دەگەڕێتەوە، ئاماژە بە فەرمانێکی ناسرەددین شای قاجار (١٨٤٨–١٨٩٦) دەکات کە بۆ کاربەدەستانی ورمێ و سابلاخ و هۆزی قەرەپەپاغی ناردوە، بۆ ئەوەی بە بیانوی ڕێگری لە ئاژاوەگێڕی، پەلاماری هۆزی بڵباس بدەن و تەمبێیان بکەن (حکیم زاده، ١٣٨٩، ١٨٠–١٨١).

سەرباری ئەم هێرش و پەلامارانە، بەلام بە هۆی بە گرنگ زانینی پێگە و شوێنی هۆزەکانی بڵباس، دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری هەمو ڕێگەیەکیان دەگرتەبەر بۆ ڕاکێشان و نیشتەجێکردنی هۆزەکانی بڵباس لەناو خاکی ولاتەکانیاندا، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن ئێڵی بڵباس جڵەو بکەن و پابەندییان بکەن بە سیاسەت و خواستی خۆیان و خاکەکەشیان بە بەشێک لە خاکی ولاتی خۆیان هەژمار بکەن، هەروەک لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا ڕون دەبێتەوە، کە فەرمان بۆ والی شارەزور نێردراوە و مێژوی (١٨٥٥) بە سەرەوەیە، ئاماژە بە ناوەڕۆکی نوسراوێک دەکات، کە بۆ وەزارەت (نظارت)ی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە، تێیدا باس لە قەرەنی ئاغای سەرۆک ئێڵی بڵباس دەکات، لەلایەن فەرمانبەرانی ئێرانەوە خەڵەتێنراوە و بەرەو تاران بانگهێشت کراوە، دواتر دەستبەسەر کراوە، بۆیە کاربەدەستانی عوسمانی نوسراویان بۆ مەسڵەحەتگوزار[٤]ی تاران ناردوە، بۆ ئەوەی ئاگادارینامەی پێویست بداتە بەرپرسانی قاجاری دەربارەی ئەوەی، کە هەوڵدان بۆ ڕاکێشان و تەماح دان بەم جۆرە ئێڵ و هۆزانە لە لایەن کاربەدەستانی قاجارییەوە بە تەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ پەیوەندی باشی دراوسێیەتی (BOA: A}MK_MHM__00757_00105_001_001). سەرباری ئەو گلەیی نامەیەی کاربەدەستانی عوسمانی، بەلام دەسەلاتدارانی قاجاری دەیانەوێت سەرۆک ئێڵەکەی بڵباس بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی قاجاریدا ئاماژەی پێکراوە، کە مێژوەکەی بۆ سەرەتای ساڵی (١٨٥٦) دەگەڕێتەوە، کە ئەو

بەڵگەنامەیە لە لایەن کاربەدەستانی قاجارییەوە بۆ ناسرەددین شا نێردراوە، تێیدا ڕایانگەیاندوە: "قەرەنی ئاغای پیرانی بڵباس ڕەعیەت و گوێڕایەڵی دەوڵەتی ئێرانە، ئەمەش لە پێش چاوی پاشایانەی جەنابتان بە هەند وەرگیراوە و بە پێی فەرمانی ئێوە، ناوبراو لە ڕیزی خزمەتکار و دڵسۆزانی کۆشک لەقەڵەمدراوە، بۆیە بەم فرمانەتان بڕیار دراوە بڕی (٣٠٠) تومەنی پێبدرێت، لە ساڵی داهاتو دوبارە پێیان بدرێتەوە، کە لە باجی ناوچەی لاجان و سابلاخ وەردەگیرێتەوە"(BOA: HR_MKT__00688_00095_024_001).

بە شێوەیەکی گشتی لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بارودۆخی سیاسی و ئابوری کوردستان، زیاتر ڕوی لە خراپی کرد، ئەگەر سەرنج بدەینە کوردستانی ئێران، دەبینین پێگەی سەرۆک هۆزە کوردییەکان لەق بو، چونکە ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە جێگەی ئەوان دەکرانە فەرمانڕەوایی ناوچە شارنشینەکانی کوردستانی ئێران، ئەو سیاسەتەش لەوانەیە بۆ چەند هۆکارێکی وەک دابینکردنی ئارامی بەتایبەتی دوای ئەو بارودۆخەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا، بە هاوکاری ئێڵ و هۆزە کوردییەکان هێنابویە ئاراوە، هەروەها بەشێکیشی پەیوەندی بە کڕین و فرۆشتنی پلە و دەسەڵاتی ئەو ناوچانەوە هەبو لە لایەن کاربەدەستانی قاجارییەوە، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن زۆرترین باج و داهات بۆ خۆیان و دەوڵەت لە ناوچە کوردییەکان کۆبکەنەوە، هەر بۆیە بۆ جێ بەجێکردنی سیاسەتەکانیان، کاربەدەستانی قاجاری کەوتنە هاندان و بەشەڕدانی سەرۆک هۆزە ناوچەیەکان لەدژی یەکتر، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی لاوازی خۆیان لە ناوچەکەدا بپارێزن(Vali, 2011, 10).

بارودۆخ لە ناوچەکانی کوردستانی عوسمانیش بە هەمان شێوە بەرەو خراپی هەنگاوی دەنا، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا ڕەنگ دەداتەوە، کاتێک باسی سکاڵا و گازاندەی خەڵکی کورد لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران و شارەزوری کوردستانی عوسمانی دەکات و دەڵێت: "سکاڵای ئەوەیان کردوە، کە باج و سەرانەیەکی زۆریان بە ناوی دەیەک، لە بەرهەمە کشتوکاڵی و مەڕوماڵاتەکانیان بە گەندەڵی و بە بێ ئاگاداری دەسەڵات لێ وەرگیراوە، لە ناوچەکانی سلێمانی و موسڵیشدا وەرگرتنی مەڕ و ماڵات و دەیەک و باج لە کوردەکان وەردەگیرێت، دەسەڵاتە خۆجێیەکانیش لەم کارەدا ڕێگرییان نەبونە، بۆیە لە ڕێگەی پیاوەکانیانەوە هەڵدەستن بە سەندنی باج بە شێوەیەکی نا ڕەسمی و گەندەڵکارانە و خۆشیان لە باج دەدزنەوە، تەنانەت لە هەندێک خەڵک دو جار یان سێ جار باج وەردەگرن، ئەمەش بە تەواوی بوەتە هۆی بێزارکردنی جوتیاران، تەنانەت لە دەشتی شارەزور، کە بەناوبانگە بە بەپیتی خاک و بەرهەمەکانی، سەرۆک ئێڵ و هۆزەکانیش هەڵسان بە دەست بەسەرداگرتنی ئەو ناوچە و زەویوزارانەی، کە بەجێهێڵرابون یان خاوەنەکانیان لە کشتوکاڵ زەرەرمەند ببون یان ئەوانەی بەناچاری ماڵەکانیان جێهێشتبو، دەستیان بەسەر زەویەکاندا گرت، ئینجا لەڕێگەی تاپۆکردن(٥)ەوە هەڵسان بە تاپۆکردنی زەوییەکان لەسەر

خۆیانبەهۆی ئەو دەستدرێژییانەی باسکران لە ناحیەی شلێری سەر بە سلێمانی، کە ناحیەیەێکی گەورەیە، خەڵـــکەکەی کـــۆچـــیـــان کـــردوە و گـــەیشـــــتـــە ڕاددەی چـــۆڵـــبـــون" :BOA) .Y__PRK_EŞA__00020_00031_002_001)

بەو شـێوەیە، پێش سـیسـتەمی تاپۆ لە باشـوری کوردسـتان، لە هەر چوار لیوای کەرکوک و سـلێمانی و هەولێر و موسڵدا، لە 75% ی زەوییەکان لەلایەن کۆمەڵی بچوکی جوتیاری سەرکارەوە دەستی بەسەردا گیرابو، بەڵام لەگەڵ داهێنانی سیستەمی تاپۆ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی، جێبەجێکردنی لە عێراق لە لایەن مەدحەت پاشـــا(١٨٦٩-١٨٧٢)ەوە، ئاغاکان و حاکمی شـــارەکان هەلێکیان دۆزیەوە بۆ فێڵکردن لەو جوتیـارانـەی خـاوەنی بڕێکی زۆری زەوی بون، ئـەمـەش بـەهۆی کۆمـەڵێک هۆکـاری وەکو فێڵکردن و زۆرەملێ و ڕەهن جێبەجێکرا، لە کۆتایشـــدا جوتیاری هۆزەکان بۆ ڕزگار بون لەو دۆخە پێویســـتیان بە پاراستن هەبو، تەنها ئاغاکانیش دەیانتوانی بیان پارێزن، لەبەرئەوە جوتیارەکە زەویەکەی بەناوی ئاغاکەوە دەکرد، لە ئاکامدا زۆربەی زەوییەکان گوازرانەوە بۆ ژێر دەســتی خاوەن موڵکە گەورەکان ( Ali, 1997, 286). ئەو هۆکارەی یارمەتی زیاتری ئاغاکانی دا بۆ ئەوەی دەســـت بەســـە زەوی جوتیاراندا بگرن، بێ دەنگ بونی دەوڵەتی عوســمانی لە بارەی تۆمارکردنی زەوی و گوندە کوردییەکان بە شــێوەیەکی تایبەت بەناوی ئاغا و موختارەکانەوە، هەرچەندە ئەمە بە پێچەوانەی دەقی یاســای زەوی دەوڵەتی عوســمانی بو، کە نابێ گوندەکان بەناوی تەنیا یەک کەس تۆمار بکرێن، بەڵام ئەو بێدەنگی و چاوپۆشییەی عوسمانییەکان، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خواست و ویستی حکومەت لە مانەوە و باشکردنی دۆخی ئەمنی ئەو ناوچانە لە ڕێگەی ئاغا و ســـەرۆک هۆزەکانەوە، بەم شـــێوەیە جوتیارانی کورد بون بە کرێگری زەوی، ئەمەش لە کاتێکدابو پەیوەندییە هۆزایەتییەکان ڕو لە هەڵوەشـــانەوە بون، بە جۆرێک گیانی بازرگانی لەو کۆمەڵگە هۆزایەتییە دەستی بە بڵاوبونەوە کرد، کە بەخۆ بژێوی وەسف دەکرا (احمد، ١٩٨٩، ٢٤).

چەوســانەوەی ســەختی کاربەدەســتانی ســوڵتان و شــا و دەرەبەگە خۆماڵیەکان هێزی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی کوردییان تێک شکاندبو، نەیاندەهێشت پێش بکەوێت(خەلفین،١٩٧١،ل٢٣). بەو جۆرە بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان لە دۆخێکی چەق بەستوی دواکەوتوی کۆنە پارێزی هۆزایەتی دابو، کە هەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ئەوتۆی لە کۆمەڵگەدا ڕەت دەکردەوە، هەر دو دەوڵەتی عوسـمانی و قاجاریش هێندەی دیکە باری سـەرشـانی خەڵک و خاکی کوردسـتانیان قورسـتر کردبو، سـەرباری ئەوەی کوردسـتانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد بو، بەردەوامیش سیاسـەتی (پەرتکە و زاڵبە)یان بەرانبەر بە ئێڵ و هۆزە کوردییەکان بەکاردەهێنا، چونکە هۆز بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگەی کوردیی پێکدەهێنا.

## تەوەری دوەم: ئێڵی بڵباس و کێشەی سنوری عوسمانی و قاجاری لە ساڵانی ( ١٨٤٧-١٨٨٠):

هۆزەکانی ئێڵی بڵباس، کە لە ناوچە سنورییەکانی نێوان هەردو دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری نیشتەجێ بون و بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان گەرمیان و کویستانییان دەکرد و حیسابیان بۆ ئەو هێڵە سنورییە دەستکردانە نەدەکرد، کە هەر دو دەوڵەتەکە بە درێژایی چەندین سەدە و لە میانەی چەندین ڕێککەوتنامەی نێوانیان لە ناوچە بڵباس نشینەکانی سەر سنوردا کێشا بویان، چونکە ئەمە کێشەی بۆ ئەو شێوازە ژیان دروست دەکرد، کە بڵباسەکان هەر لە کۆنەوە لەسەری ڕاهاتبون، ئەو هەڵسوکەوتەی هۆزەکانی بڵباس بە دڵی کاربەدەستانی عوسمانی و ئێرانی نەبو، هەر بۆیە هەمیشە هۆزەکانی بڵباسیان بە کێشە زانیوە و لە پەیماننامەکانی نێوانیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ناویان هێناوە و هەوڵی ئەوەیانداوە هۆزەکانی بڵباس ملکەچ بکەن و لەناو خاکی خۆیاندا نیشتەجێیان بکەن. هاتوچۆ و سنوربەزاندنی هۆزەکانی بڵباس پانتاییەکی فراوانی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەر دو دەوڵەتدا گرتبو.

بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی بە درێژایی زیاتر لە چوار سەدە بە قۆناغێکی بەرزی و نزمی، شەڕ و ئاشتیدا ڕۆیشت بو، فراوانخوازییە سنورییەکانی ئەو دو دەوڵەتە لە ناوچەکانی نێوانیان، کە بە زۆری ناوچەکانی کوردستانی دەگرتەوە، تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەو قۆناغە مێژوییە بوە. دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی بۆ بەریتانیا و ڕوسیا دو دەوڵەتی پارێزەر و قایم بون، بۆ پاراستنی بەرژوەندییەکانیان، نزیکەی لە سەدا شەستی سنوری هاوبەشی عوسمانی و ئێرانی بەناو خاکی کوردستاندا ڕەتدەبو، کوردستان کەوتبوە سەر ڕێگەی ویلایەتی بەغداد، بۆیە کوردستان گرنگییەکی دوەمی هەبو بۆ فشار خستنە سەر هەردو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی بۆ ناچارکردنیان بۆ هاریکاریکردن لەگەڵ ئەم دو دەوڵەتەدا و پاراستنی بەرژوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا، هەربۆیە سیاسەتی ئەم دو دەوڵەتە زلهێزە لە بەرانبەر میر و بەگ و ئێل و هۆزە کوردییەکان بەردەوام لەم بازنەیەدا خولاوەتەوە تا کورد بکاتە هۆیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا (عەبدوڵڵا، 2015، ٨٤-٨٥).

ئەگەر ئامارێکی جەنگە گەورەکانی عوسمانی و ئێرانی بکەین لە جەنگی چاڵدێرانەوە (١٥١٤) تاوەکو جەنگی ساڵی (١٨٢١-١٨٢٢)، دەبینین جگە لە جەنگە بچوکەکان، (٢٤) بیست و چوار جەنگی گەورە لە نێوانیاندا ڕویداوە، هەرچی پەیماننامەکانی ئاشتی نێوانیان بون، هەر لە پەیماننامەی ئاماسیا لە ساڵی (١٥٥٥) تاوەکو پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم لە ساڵی (١٨٤٧)، نزیکەی هەشت پەیماننامەی ئاشتی لەنێوان هەردو دەوڵەتدا مۆرکراوە، سەرباری هەمو ئەمانەش ڕەگ و ڕیشەی کێشە سنورییەکان هەروەکو خۆیان دەمانەوە(عەبدوڵڵا، 2015، ١٣،١٤). چونکە بەشێکی سەرەکی لە پەیماننامەکانی نێوان هەردو دەوڵەتەکە بۆ

دابەشكردنی خاكی كوردستان بو لە نێوان خۆیاندا، لە كاتێكدا كورد وەكو نەتەوەیەكی ژێر دەستیان هیچ پرسێكی پێ نەدەكرا و خاكەكەی دەبو بە مەیدانی ساغكردنەوەی ململانێ درێژخایەنی هەر دو دەوڵەت، بۆیە هیچ كام لە پەیماننامەكان نەیاندەتوانی ئاشتی و ئارامییەكی هەمیشەیی لە سنورەكاندا بەدیبهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا عوسمانییەكان، كە هەردەم فراوانخوازییەكانیان لە سنورەكانی خۆرهەڵاتی وڵاتەكەیان بە سیاسەتێكی نەگۆڕی خۆیان دەزانی، بەڵام پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم تاڕادەییەكی باش كۆتایی بەو جەنگە دورودرێژە هێنا، كە لەسەر ناوچە سنورییەكان لە نێوان ئەو دو دەوڵەتەدا ڕویاندابو، ناكۆكییەكانیان بەڕێگەی دیالۆگ و لێژنەكانەوە چارەسەر دەكرا و سیاسەتی ئاشتییان لەو بارەیەوە پەیڕەو كرد(صالحی، ١٣٩٥، ٧٧).

ناوچەكانی شارەزور و سابڵاخی موكری و ورمێ و سەڵماس و خوی، شوێنی بڵاوبونەوە و ژیانی هۆزەكانی ئێلی بلّباس بون، بەهۆی سروشتی ژیانی هۆزەكانی بلّباس، كە كۆچەری و نیمچە كۆچەری بون، لە هاوینان ڕویان لە كوێستانەكانی قەندیل و لەوەڕگای ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانی ئەمڕۆ دەكرد، زستانانیش بەرەو ناوچە گەرمەسێرەكانی پشدەر، بیتوێن، سلێمانی، شارەزور، كۆیە و هەولێر دەهاتنەوە، ئەم هەڵكەوتە جیۆپۆلیتكییەی ناوچەكانیان، هەمیشە ناكۆكی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی لەسەر بو، هەر ئەمەشە وایكرد بو هەر لە سەرەتاكانی دەركەوتنی ململانێكانی نێوان ئەو دو دەوڵەتە لە سەدەی شازدەدا، ناوچەكانی ئێڵی بلّباس بەشێك بن لەو ناكۆكییە سنورییەی لە نێوان هەردو دەوڵەتەكەدا هەبوە و لە ئاشتینامەكانی نێوانیشیان ئاماژەیان پێداوە. تەنانەت هۆزەكانی ئێڵی بلّباس وەك ئامرازێكی یەكلایكردنەوەی بەشێك لەو ململانێیە سەیركراون، بەوەی زۆرترین كات عوسمانییەكان ناوچەكانی لاجان و موكریانی بلّباس نشینیان بە بەشێك لە خاكی خۆیان زانیوە و بانگەشەیان بۆ ئەوە دەكرد، كە پێشینەی مێژویی و مەزهەبی خەڵكی ئێڵی بلّباس زیاتر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دێتەوە و دەگونجێت، هەروەكو ئەوەی دەرویش پاشا (١٨١٧-١٨٧٨)ی سەرۆكی لیژنەی عوسمانی، لە ماوەی دیاریكردنی سنور و پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم بانگەشەی بۆ دەكرد، بەڵام كاربەدەستانی قاجاری بە هەمو شێوەیەك ئەوەیان ڕەتدەكردەوە و ئێڵی بلّباس و ئەو ناوچانەیان بە بەشێكی دانەبڕاوی خاكی دەوڵەتی قاجاری دەزانی(صالحی، ١٣٩٥، ٨٣،٨٤).

لە دوای پەیمانی دوەمی ئەرزڕوم بە بەشداریی دەوڵەتانی بەریتانیا و ڕوسیا، لە ماوەی ساڵانی (١٨٤٨-١٨٥٢) لێژنەیەكیان بۆ دیاری كردنی سنوری نێوان هەر دو دەوڵەتەكە پێك هێنا، ناوچەكانی ئێڵی بلّباسیش دەكەوتنە چوارچێوەی ناوچە سنورییە كێشە لەسەرەكان، كە دەبو ئەم لێژنەیە چارەنوسیان دیاری بكات و بڕیار لەبارەیانەوە بدات (پاشا، ٢٠١٩، ٨).

ئەو لیژنە هاوبەشـــەی پێکهاتبو بۆ دیاریکردنی ســـنور بۆ ماوەی پێنج ســـاڵ لە کارەکانی بەردەوام بو، هەرچەندە بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسـمانی لە سـاڵی (١٨٥١) لیژنەی دیارکردنی سـنور لە چواچێوەی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم، ئاوی ڕوباری (لاوێن)[٦] یان بە هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان ســـنوری هەردو دەوڵەت لە ناوچە سـنورییە بڵباس نشـینەکان دیاری کردبو، هەروەها داوایان کرد سـەربازەکانی هەردو لا بکشێنەوە بۆ دوای ئەو سنورە ئاوییە (BOA:Y__PRK_ASK__00244_00010_002_001). واتە ناوچەی لاجان، کە مەڵبەندی هۆزەکانی بڵباس بو بە ڕوباری لاوێن دابەشـــکرا و بەشـــی ڕۆژهەڵاتی ڕوبارەکە بۆ حکومەتی قاجاری، کە شـوێنی نیشـتەجێ بونی هۆزی مامەش و بەشـێکی زۆر لە هۆزی مەنگوڕ بو، بەڵام لە ناوچەکانی بەشــی ڕۆژئاوای ڕوبارەکە، کە هۆزی پیران و بەشـێکی مەنگوڕ لێی نیشــتەجێ بون، دەبنە خاکی دەوڵەتی عوســمانی، بەم شـێوەیە ئەم دابەشـکارییە هۆزەکانی بڵباســی لە نێوان هەردو دەوڵەتەکە دابەشکرد و کاریگەریشی هەبو لەسەر پەرتکردنی ڕیزەکانی یەکێتیی هۆزایەتی ئێڵی بڵباس.

سەرباری ئەو سنور دیاریکردنەش، کێشە سنورییەکان هەروەک خۆیان مانەوە بەبێ ئەوەی بتوانرێت ســـنوری نێوان هەردو دەوڵەت یەکلایی بکرێتەوە. ئەمەش بەهۆی پێداگری دەروێش پاشـــای ســـەرۆکی لیژنەی عوســـمانییەکان بو، کە جگە لە ناوچەی قۆتور[٦]، داوای هەمو ناوچەکانی باشـــوری دەریاچەی (ورمێ)ی دەکرد (زەکی، ٢٠٢١، ل٣٤١)، کە ئەو ناوچانەش بەزۆری شـــوێنی نیشـــتەجێ بون و هاتوچۆی هۆزەکـانی ئێڵی بڵبـاس و هۆزە کوردییەکـانی دیکەی نـاوچەی موکریـان و دەوروبەری ورمێ بون. ئەم داواکارییەی عوسـمانییەکان بۆ ناوچەکانی موکریان لەوانە دەشـتی وەزنە و لاجان و سـابلاخی دەگرتەوە، کە مەڵبەنـدی هۆزەکـانی ئێڵی بڵبـاس بون و بە بەشـــێک لە خـاکی خۆیـانیـان دەزانی و خەڵک و هۆزە کوردییەکانیشیان بە هاومەزهەب و سەر بە دەوڵەتی عوسمانی دادەنا و هەمو هەوڵێکیشان لەو پێناوە دەدا تـا خەڵکی ئەو نـاوچـانە بەلای خۆیـانـدا ڕابکێشـــن، ئەوەتـا بە گوێرەی بەڵگەنـامەیەکی قـاجـاری، کە بۆ (١٨٥٢/٧/١٠) دەگەڕێتەوە و لە لایەن ئەندامانی قاجاری لە لیژنەی دیاریکردنی سـنور، لە گوندی پەسـوێی ناوچەی لاجانەوە نوسراوە، وەکو گازندە نامەیەک ئاراستەی دەروێش پاشای سەرۆکی لیژنەی عوسمانی لە کۆمیسـیۆنی دیاریکردنی سـنور کراوە و وارژۆی ناسـرەددین شـای قاجاری پێوەیە، ئەندامانی قاجاری دەڵێن:"نیگەرانین ســـەبارەت بە خەڵک و زانایانی ســـەردەشـــت و بانە، چونکە نامەیان بۆ دەروێش پاشـــا ناردوە و لایەنگیریی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوســـمانی دوپاتکردوتەوە، بۆیە ئەم جۆرە هەڵســـوکەوت و کردەوانە بە درێژە پێدەری بارودۆخی ئێستای سەر سنور دادەنێین، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم خراپەکارییانە بۆ نـاوچە دورە دەســـتەکان و نـاوچەکانی دەوروبەریش تەشـــەنە بکـات، بەتـایبەت دوای ئەوەی ئێمە (کاربەدەســـتانی قاجاری) لەو ناوچەیەدا نەماین، چونکە ئەو وتارەی لە نوێژی ڕۆژی هەیینیدا دەدرێت

دەتوانێت کۆمەڵە کەسێکی سوننەمان لێ هەڵگەڕێنێتەوە، کە لەگەڵ عوسمانییەکان هاومەزهەب و هاوئایینن و بەرە بەرە ئەم مەسەلەیە لە ناوچەییەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری سوننەی سەر بە ئێرانن تەشەنە دەکات"(وزارت امور خارجە ...، جلد اول، ١٣٦٩، ٥٢٥،٥٢٦). وەک لەم بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێت کاربەدەستانی قاجاری لەو ماوەیەدا دەسەڵاتیان لە ناوچە بڵباس نشینەکانی کوردستانی ئێران لاواز بوە، لە بەرانبەردا عوسمانیەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتوە، زۆربەی خەڵکی کوردیش لەو ناوچانەدا بەهۆکاری هاومەزهەبی بوبێت، یاخود بۆ ڕزگار بون لە دەستی زوڵم و ستەمی زۆری کاربەدەستانی قاجاری، زیاتر مەیلیان بەلای دەوڵەتی عوسمانی سونە مەزهەبدا هەبو، ئەمە لە کاتێکدا بو، کە عوسمانییەکان سیاسەتێکی باشتر وگونجاوتریان بەرانبەر بە ئێڵی بڵباس و ناوچە کوردییەکانی پەیڕەو نەدەکرد. بەڵام هەرچۆنێک بێت کاربەدەستانی قاجاری بۆ جڵەوکردنی دۆخی ناوچە سنورییە کوردییەکانی موکریان داواکارییەک ئاڕاستەی دەروێش پاشای عوسمانی دەکەن:" کە سەرنجێکی تایبەت بخاتە سەر مەسەلەکە و دەرەنجامەکانی وەها کردەوە گەلێک لەبەرچاو بگرێت، لە هەمانکاتدا گەشبینیشین ئەم کردەوە و خراپەکارییانەی خەڵک و هۆزە کوردییەکان ناتوانێت پرۆسەی دیاریکردنی سنور، کە لەوپەڕی ئاشتەوایی و تەباییدا بەرەوپێش چوە بشێوێنن، دەسەڵاتدارانی هەر چوار دەوڵەتی هاوپەیمان لەم بارەوە وتویانە ئەم کردەوانە هیچ کاریگەرییەکیان نابێت" (وزارت امور خارجە ...، جلد اول، ١٣٦٩، ٥٢٥،٥٢٦). لە هەمانکاتدا قاجارییەکانیش لە هەوڵی بەردەوامدا بون، تا هۆزەکانی ئێڵی بڵباس بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، بۆیە هەر لە هەمان ساڵدا میرزا جەعفەری سەرۆکی لیژنەی قاجاری لە کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنور، زیاتر لە دو هەزار ماڵی لە هۆزەکانی پیران و مەنگوڕ، مامەش، زودی، سن و تیرەی خدر کاوسێنی ئێڵی بڵباسی هەژمارکرد، کە لە نێوان هەردو دەوڵەتدا هاتوچۆیان دەکرد، نوێنەری قاجاری بانگەشەی ئەوەی دەکرد و پێی وابو، بە هۆی بەپێتی خاکەکەی و سەرچاوە ژینگەییەکانی دەشتی لاجان، هۆزەکانی ئێڵی بڵباس لە کۆتاییدا ئێرانی بون هەڵدەبژێرن (Ateş, 2013, 236).

ئەم ململانێیەی نێوان کاربەدەستانی باڵای عوسمانی و قاجاری لەسەر ناوچە بڵباس نشینەکان و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانیان بەلای خۆیاندا، بەردەوام لە پەرەسەندن و گەورە بوندا بو، بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی قاجاری، کە لەلایەن موشیر ئەلدەولە (میرزا جعفر مهندس باشی)(؟-١٨٦٢)ی سەرۆک لیژنەی ئێرانی لە کۆمیسیۆنی چوارقۆڵی دیاریکردنی سنور، لە (١٨٥٨/٦/٦)، وەک وەڵام نامەیەک ئاراستەی دەروێش پاشای عوسمانی کراوە و تێیدا ئاماژە بەوە کردوە، ئێمە (حکومەتی قاجار) هیچ کات هۆز و ئێڵەکانی هەردو لا بۆ هیچ کارێک هان نادەین و تەنها ڕێکخستن و دیاریکردنی سنور بە پێی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم مەبەستی ئێمەیە بە پێچەوانەی ئێوە، کە لە هەر شوێنێکدا هەرچەند توانیبێتان لە ڕێگەی بەڵێن و خەڵاتەوە

هۆزەکانی ئەو لایەتان دژی دەوڵەتی ئێران هانداوە و ئەوپەڕی هەوڵی خۆتان خستوەتەگەڕ تاکو دژی ئێمە ڕێکیان بخەن، وەک بڵێی دەتانەوێت ئەم سـنورانەش بەرەبەرە ببەزێنن، عەبدولهادی بەرپرسـی ناوچەی (باش قەڵا)تان لەگەڵ هەندێ کەس لە دێهاتەکانی سومای و چەهریق بۆ هاندان و هەڕەشەکردن لە کەسانی ئەم دوروبەرە بە کرێ گرتوە و بڵاوەتان پێکردون، بۆیە ئەمڕو لە چەهریق و لە پێش چادری من خەڵکی بڵباس شکاتیان هەیە و داخوازینامە دەنوسن دژی ئێوە، هەمو ئەم کارانە لە ئاستێکی ئاسایی تێپەڕ بوە و بۆ هەمو کەسـێک و هەمو لایەکیش ڕون بوەتەوە و بەرپرسـە ناوبژیوانەکان بۆ ڕێگری کردن لەم جۆرە خراپەکارییانە نامەیان ناردوەتە خزمەتتان، بەڵام سـودێکی نەبوە (وزارت امور خارجه ...، جلد دوم، ١٣٦٩، ٩١-٩٢). لە بەرانبەر بانگەشـەکانی ئێراندا، دەروێش پاشـای سـەرۆکی لیژنەی عوسمانی بۆ دیاریکردنی سنور، ڕایگەیاند ناوچەکانی وەزنە و لاجان لە بنەڕەتدا بەشـێک بون لە خاکی عوسـمانی و لە لایەن بڵباسـەکانی کۆیەوە دەستی بەسەردا گیرابو، بەڵام وردە وردە ملکەچی ئێران بون، بە سەرنجدان لەو جۆرە بانگەشانە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە کاربەدەستانی عوسمانی و قاجاری بۆ سـەلماندنی خاوەندارییەتی وەزنە و لاجان بۆ وڵاتەکانیان تێدەکۆشـان و دەیان ویسـت هۆزەکانی بڵباس بە هاوڵاتی خۆیان لەقەڵەم بدەن، ئەم ناکۆکییە بە ڕادەیەک پەرەیسـەند بو، نوێنەرانی سیاسـی هەر چوار دەوڵەتی عوسـمانی، ئێرانی، ڕوسـی و ئینگلیزی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبو (Ateş, 2013, 237).

نوێنەرانی چوار دەوڵەتەکە لە سـاڵی (1865)دا چونە سـەر سنور و لە بری ئەوەی ناکۆکییەکە تەنها لە ناوچەی سـلێمانی سـنوردار بکەن، سـەرجەمی هێڵی سـنوری نێوان هەردو دەوڵەتی گرتەوە، بۆیە بڕیاری نوێنەرەکان هیچی لێ سەوز نەبو (وزارت امور خارجه ...، جلد ششم، ١٣٧٢، ١٣). بەم جۆرە پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم نەیتوانی ناکۆکییە سـنورییەکانی نێوان هەر دو دەوڵەتەکە بەتەواوەتی چارەسـەر بکات، هەر هەلێکیشـیان بۆ هەڵبکەوتایە و بە هەر ڕێگەیەک بوایە هەوڵیان دەدا ناوچەکانی بڵباس نشـین بخەنە ناو سـنوری دەوڵەتی خۆیان، ئەمەش لە چەند بەڵگەنامەیەکی عوسـمانیدا دەردەکەوێت، کە لە (١٨٦٨/٨/١٢)دا وەکو ئاگادارینامەیەک کونسولخانەی عوسمانی لە تەوریز، ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردوە و دەڵێت:"بە هۆی کـاریگەری و دەرئەنجـامەکـانی ڕاپەڕینەکەی هەمزاغـای مەنگوڕ، حکومەتی قـاجـاری عەبدولوەهاب خانی فەرمانڕەوای سـابڵاخی ڕاسـپاردوە و مۆڵەتی ئەوەی پێداوە قەڵای لاجان، کە لەسـەر ڕوخان بوە، نۆژەن بکاتەوە لەگەڵ دروسـتکردنی قەڵاگەلێک لەو شـوێنانەی پێویسـتن لەو ناوچەیە، بە ئامانجی ڕێگری کردن لە پەلاماری هۆزەکانی زودی و پیران و مەنگوڕی بڵباس، هەروەها ئەو قەڵایانە لە ناوچە کێشـە لە سـەرەکان دروسـت دەکرێن، بۆیە پێویسـتە بە موتەسـەڕیفیەتی شـارەزور و سـلێمانی ڕابگەیەنرێت بە هۆی تێکەڵی و هاوسنوریان لەگەڵ ناوچەکە، لێکۆڵینەوەی نهێنی و ئاشکرا ئەنجام بدەن و

ســـــەرەنجامـەکـەی بـە بـاڵیۆزخـانـەی دەوڵـەتی عوســـــمـانی لە تـاران و ئێمـەش لە تەوریز ڕابگـەیـەنن (BOA: HR_MKT__00632_00048_001_001.) (BOA: HR_MKT__00632_00048_003_001.)

ئەم ناکۆکییە سنورییە وای لە هەردو دەوڵەت کرد لە (١٨٦٩/٧/٣) ڕێککەوتنێکی دیکە بە ناوی پەیماننامەی (ئەستانە) وارژۆ بکەن، تێیدا مەرجی ئەوەیان خستە ڕو، کە دەبێت پرسی سنور لە دۆخی ئێستادا وەک خۆی بمێنێتەوە، بە ئامانجی پاراستن و هێشتنەوەی دۆخی زەوییە کێشە لەسەرەکان لە دۆخی خۆیان، تا ئەو کاتەی دەتوانرێت بە یەکجاری چارەسەری بکرێت، نابێت هیچکام لە لایەنەکان بینا لەسەر خاکی ناوچە ناکۆکی لەســـەرەکان دروســـت بکەن (Farmanfarmaian, 2008, P163) (أحمد، 2006، 104). هەر لە کاتی ڕاگەیاندنی پرۆتۆکۆڵی ئەم پەیماننامەیەدا تاوەکو سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٨٧٥) هیچ لیژنەیەک نەیتوانی کۆببێتەوە بۆ ئیشکردن لەسەر دیاریکردنی سنور، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا ڕەوشی سنورەکان هێمن دیار بو، بەڵام لە ڕاســـتیدا لەناوەوە بارودۆخەکە بە جۆرێکی تر بو، کورد هەســـتی بە بێزارییەکی بەهێز دەکرد دژی دەســـەڵاتی ناوەندی هەردو دەوڵەتەکە (عبدالله،٢٠٢٠، ٣٤٥). بە تایبەتی کاتێک لە ســـاڵی (١٨٦٥) دەوڵەتی قاجاری ئەو هەستەی لا دروست ببو دەیەویست دەسەڵاتی بەسەر هۆزە کوردەکانی عوسـمانی بسـەپێنێت و بە ئێرانی لە قەڵەمیان بدات و بەزۆر نیشـتەجێیان بکات، کە بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتەکانیان دەچونە کوێستانەکانی خاکی ئێرانەوە، بۆیە لە ساڵی (١٨٦٦) هەمزاغای مەنگوڕ بە هاوکاری هۆزەکانی بڵباس، جگە لە هۆزی مامەش، بێ پرســـی کاربەدەســـتانی قاجاری خاکی ئێرانیان بەرەو خاکی عوسـمانی بەجێهێشـت، لە سـاڵی (١٨٦٧) ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لە دژی حکومەتی قاجاری بەرپابو، ئەم ڕاپەڕینەی هۆزەکانی بڵباس بە تەواوەتی باڵی بەســـەر کێشـــە ســـنورییەکانی نێوان ئەو دو دەوڵەتەدا کێشـــا و گرژی و ئاڵۆزی زۆری لێکەوتەوە، بە تایبەتی کاتێک لەو ســـاڵەدا هەمزاغای مەنگوڕ لە ناو خاکی عوسـمانییەوە پەلاماری چەندین گوندی ئێرانی دا و ناوچەکانی نێوان سـەردەشـت و سـابڵاخی تاڵانکرد (Farmanfarmaian, 2008, 163-165) (HR_MKT__00590_00067_005_001.) هەربۆیە بە هەماهەنگی و هاوکاری نێوان هەردو دەوڵەت پەلاماری ڕاپەڕینی هەمزاغا درا، ئەمە کاتێک بو کە تیپێکی ســـەربازی تورکی لە ڕەواندز و هێزێکی چوار هەزار کەسی ئێرانی بە سەرکردایەتی شوجاع ئەلمولکی فەرمانڕەوایی ســـابڵاخ، توانیان ئەو ڕاپەڕینە چەکدارییەی ئێڵی بڵباس بەزەبری هێز لە بەرچاوی نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەوروپی ســـەرکوت بکەن، ئەمە بەلای نوێنەرانی وڵاتانی ئەوروپی بەشـێک بو لە سـیاسـەتی پاراسـتنی سنوری عوسمانی و قاجاری(عبدالله،٢٠٢٠، ٣٤٥).

هەرچۆنێک بێت ئەم بارودۆخ و ململانێ سنورییە، هۆزەکانی بڵباسی خستبوە بارودۆخێکی ناچارییەوە، پشـــتگیری هەر دەوڵەتێکیشـــیان کردبایە ئەوە لە لایەن ئەوی دیکەیانەوە پەلامار دەدران و وەکو دوژمن

ســـەیر دەکران، بە تایبەتی کاتێک زۆر لە هۆزەکانی بڵباس لەو ماوەیەدا خۆیان بە شــوێنکەوتەی دەوڵەتی عوسـمانی دەزانی و لە هەر هێرش و تەنگەتاوییەک، کە لە لایەن قاجارییەکانەوە دەکرایە سـەریان، هانایان بۆ سـوڵتان و کاربەدەسـتانی عوسـمانی دەبرد، ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی عوسـمانی، کە لە سـاڵی (١٨٧٠) لەلایەن مامەند ئاغای سەرۆک ئێڵی بڵباس ئاراستەی سوڵتانی عوسمانی کردوە دەردەکەوێت، مامەند ئاغا بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە گوتویەتی:" تاوەکو پێش (14) سـاڵ لەمەوبەر لە سـایەی شـاهانەی سـوڵتاندا لەســـەر ئەو موڵک و ماڵ و گوندانەی خۆمان بوین لە ناوچەی لاجان، کە بە میرات لە باپیرانمانەوە بۆمان جێماوە، لەو کاتەدا دەروێش پاشـــا لەگەڵ نوێنەرانی ئێران و ئینگلتەڕا و ڕوســـیا هاتنە ناوچەکە، دوای لێکۆڵینەوە و پشـــکنین بە تێکڕای دەنگ بڕیاریان دا، کە بە دوری (10 – 12) کاتژمێر ئەولاتری لاجان بە سنور دیاری بکرێت و نیشانەی سنوریشیان دانا لەسەر شاخەکانی مەیدان بەلک، مەیدان ئێستر، دنەور، سـپی ڕێز و کێلەشـین، لە کاتێکدا هەتا ئێسـتاش ئەو نیشـانانە بە ئاشـکرایی لە شـوێنی خۆیان ماونەتەوە، بەڵام ساڵی ڕابردو شوجاع ئەلمولک بە سەربازێکی زۆرەوە سنوری بەزاند و هاتە گوندی (موتادە)ی سەر بە لاجان و دەسـتی کرد بە قەڵا دروسـت کردن، بەندەتان چومە لای و پێم ڕاگەیاند، کە ئەم شـوێنە خاکی دەوڵەتی عوسـمانییە و موڵک و لەوەڕگای (700) سـاڵەی باب و باپیرانی ئێمەیە و ڕازی نین بە دروسـت کـردنــی قــەڵا لــەو شـــــوێـنــە و دەوڵــەتــی عـوســـــمـانـیـش بـەوە ڕازی نـابـێـت" ( :BOA HR_MKT__00688_00095_037_001). لەمەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە ســـەربـاری ئەوەی دەوڵەتی عوســـمانی لە پاڵ لەشــکری قاجارییەکان بەشــداری لە دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینەدا کرد، کە هەمزاغای مەنگوڕ لە دژی حکومەتی قاجاری بەرپای کردبو، بەڵام ســـەرۆک هۆزەکانی ئێڵی بڵباس زیاتر مەیلی لایەنگری دەوڵەتی عوســمانیان هەبو، بۆ ڕزگار بونیشــیان لە ســتەم و پەلاماری قاجارییەکان پەنایان بۆ کاربەدەســـتانی عوســـمانی دەبرد، کەچی لە ڕاســـتیدا خەڵک و ناوچەکانی ئێڵی بڵباس لەلایەن هەر دو دەوڵەتەوە وەک کەرەسـتە و ئامرازێک بۆ سـاغکردنەوەی ململانێکانیان بەکاریان هێناوە، هۆزەکانی بڵباس کەوتبونە ناو بەرداشـی کێشـەی سـنوری عوسـمانی و قاجاری و لە بارودۆخێکی نائارام و دەردە سـەریدا ژیانیان بەسەر دەبرد.

کاربەدەســتانی قاجاری باج و ســەرانە و ســیاســەتێکی وا توندوتیژیان بەرانبەر بە هۆزەکانی بڵباس پەیڕەو کردبو، کە سـەرۆکەکەیانی ناچاری کرد، لە نامەیەکدا بە کاربەدەسـتانی عوسـمانی ڕابگەیەنێت:" لە حاڵی جێگیربونی قەڵا و دەســەڵاتی قاجارییەکان لە ناوچەی لاجانی بڵباس نشـین، هیچ گومان لەوەدا نییە، کە هۆزگەلی کۆچەری پەرێشـان دەبن و هەریەکە و ڕو دەکاتە ناوچەیەک و ئێرانییەکانیش بە گوێرەی بۆ لوانیان، نەوە دوای نەوە لە خاکی عوسمانیدا قەڵای هاوشێوە دروست دەکەن، پێش (24) ساڵێش لەمەوبەر

هەمان قەڵا لەلایەن کاربەدەســـتانی ئێرانی دروســـتکرا، دواتر بە فەرمانی دەوڵەتی عوســـمانی لەلایەن هۆزەکانی ئێڵەکەمانەوە وێران کرا، جاری دوەمیش لەلایەن مەهدی قەرەپەپاغ دروســـتکرایەوە و دوبارە ئێڵەکەی ئێمە وێرانیکردەوە، ئێســتاش وەک نەریتی ئێڵەکەمان نامانەوێت بەبێ مۆڵەتی دەوڵەتی عوسـمانی بە کارێکی وەها هەڵســـین و بێدەنگیمان هەڵبژاردوە، هۆزگەلی ئێمە ئارام ناگرێت، کە بە بەرچاویەوە بەزۆرەملێ قەڵا لەســەر خاکی دەوڵەتی عوسـمانی و موڵکی میراتی ئێمە دروسـت بکرێت، بێدەنگ کردنی ئەندامانی ئێڵەکەشــمان تا ســەر بەردەوام نابێت، لە حاڵێکدا ئەگەر تا ماوەیەکی تر فەرمانی ڕوخاندنی ئەو قەڵایە لەلایەنی باڵای سەڵتەنەتی عوسمانییەوە دەرنەچێت، ئەوا هەندێک لە هۆزەکان غیرەتی هاوڵاتیبونیان دەخرۆشـێت و قەڵای ناوبراو وێران دەکەن و لە ڕیشـەوە هەڵی دەکێشـن، بەهۆی سـەرکردایەتی کردنم بۆ هۆزگەل و بۆ لەئەســـتۆ نەبونی بەرپرســـیارێتی لەو بارەیەوە دۆخەکەم بۆتان ڕون کردەوە"( BOA: HR_MKT__00688_00095_037_001).

ئەو تەنگ پێهەڵچنینەی قاجارییەکان بە هۆزەکانی بڵباس، بەهۆی لایەنگیریان لە ڕاپەڕینەکەی هەمزاغای مەنگوڕ و ملکەچ نەبونیان بە شــوێنکەوتەیی ئێران زیاتر پەرەی ســەند، ئەم دۆخە ناهەموارەیان لە ناوچە ســنورییەکان و دەســت بەســەر داگرتنی زەوی و گوندەکانیان لە لایەن قاجارەکان و ئاوارەبونیان بۆ ناو خاک و ســنوری عوســمانی، لە بەڵگەنامە عوســمانییەکان زیاتر ڕەنگدەداتەوە، ئەوەتا بە گوێرەی ســێ بەڵگەنامە، کە هەر بۆ ساڵی (١٨٧٠) دەگەڕێنەوە و مۆری چەند سەرۆک هۆزێکی ئێڵی بڵباسی پێوەیە، تێیدا باس لە پەلاماری شوجاع ئەلمولکی فەرمانڕەوای ساباڵاخ دەکەن بۆ سەر هۆزەکانی ئێڵی بڵباس، بە بیانوی ئەوەی ئەم هۆزانە ئامادە نەبون ببنە شـوێنکەوتەی دەوڵەتی ئێران و واز لە دەوڵەتی عوسـمانی بێنن، بۆیە شوجاع ئەلمولک پەلاماری داون و دەستی بەسەر ناوچە و لەوەڕگا کوێستانییەکانی ئێڵی بڵباسدا گرتوە و سەروەت و سامانێکی زۆریشی لێ بە تاڵان بردون، بەمەش هۆزەکانی بڵباس توشی زیانێکی زۆر گەورە هاتون و پەنایان بۆ خاکی عوســمانی و ناوچەی پشــدەر بردوە، هەرچەندە ســەرۆک هۆزی زودی چوەتە لای فەرمانڕەوای ناوبراو بۆ ئەوەی ســــەروەت و ماڵی تاڵانکراوی هۆزەکەی وەربگرێتەوە، بەڵام بەهۆی ڕازی نەبونی بە شـــوێنکەوتەیی دەوڵەتی قاجار و نەچونە ژێر قەڵەمڕەوی ئەوان هیچ شـــتێکی پێ نەدراوەتەوە، بۆیە ســــەرۆک هۆزەکانی بڵباس داوا لە بابیعالی عوســــمانی دەکەن، کە کارێک بکات بۆ گێڕانەوەی ماڵ و موڵکی تاڵان کراویان و سـزادانی فەرمانڕەوای ناوبراو، بەو پێیەی سـنوری دیاریکراوی لیژنەی دیـاری کردنی ســـنوریـان بـەزانـدوە و ســـنوری دەوڵـەتی عوســـمـانییـان پێشـــێـل کردوە (BOA:HR_MKT__00688_00095_035_001)[٨].

بەو شێوەیە کێشەی سنوری نێوان هەردو دەوڵەت لەسەر ناوچە و مەڵبەندەکانی ئێڵی بڵباس بەردەوام دەبێت، بۆیە پوختەی زنجیرە بەڵگەنامە و تەلەگراف نامەیەکی دیکەی ســـەرۆک هۆزەکانی ئێڵی بڵباس، کە

ئاراستەی کاربەدەستانی عوسمانییان کردوە، لە ماوەی نێوان سالانی (١٨٧٢-١٨٧٥)، ئاماژە بە کێشەی سنوری ناوچە بلباس نشینەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانی ئەمڕۆ دەکات و دەلێت:" ناوچەکانی لاجان، سەتوی، سوهدین، مێرگان و بەربنە لەوەتەی (670) سالە لە نێو مولکی ملوکانەدایە و ئێمە لە باب و باپیرانەوە بە هۆزەکانمانەوە تێیدا نیشتەجێین و باوباپیرانمان لە ژێر بالی سەلتەنەتی بالا (عوسمانی)دا ئاسودە بونە، باجی دەیەک و تێچونی تریشمان داوەتە دەولەتی بالای عوسمانی، کەچی لەوەتەی چوار سالە ئێرانییەکان بە ئەندازەی هەشت نۆ کاتژمێر ئەو هێلە سنوریەیان بەزاندوە، کە لە لایەن دەروێش پاشا و نوێنەرانی دەولەتانی ناوبژیکەر دەستنیشان کرابو، مولک و لەوەڕگاکانیان بە زۆرەملێ لێ داگیرکردوین و دەستیان کردوە بە جولەی وەک دروستکردنی قەلاو نیشتەجێ کردنی سەرباز بە شێوەی هەمیشەیی، هەروەها چەندین هەزار مالی سەر بە ئێل و هۆزەکانی دەولەتی عوسمانییان خستوەتە ژێر چەپۆکی خۆیان و تەنانەت بە ئێمەش گوتراوە، دەبێت شوێنکەوتەی دەولەتی قاجاری بین یان دەست هەلگرین لە مولک و لەوەڕگاکانمان، ئیتر بەندەی بچوکتان پێی وایە ئەگەر بابیعالی چارەسەری ئەم دۆخە نەکات و چاودێری سنوری دیاریکراو نەکات ئەوا ئێرانییەکان تا ئەرزڕوم دێن و هۆز و خاکی دەولەتی بالا دەخەنە ژێر دەستی خۆیان و هیچ ئێل و هۆزێک سەر بە دەولەتی بالای عوسمانی نامێنێ، بەم شێوەیەش گومان لەوەدا نییە، کە داهاتی میری کورت دەهێنێ، ئەوەش ئاشکرایە، کە ئێمە شوێنکەوتەی ئێران قبول ناکەین و لەوپەڕی دژایەتی و مشتومڕین لەگەلیاندا، ئیتر لە چ حالێکدا بوین بۆ لایەنی بالای عوسمانی خستمانەڕو، داوا دەکەین لە دەستی بێگانە بپارێزرێین و چاوەڕێی وەلامی ئەو تەلەگراف نامانە دەکەین(HR_MKT__00759_00003_001_001)[٩].

دەولەتی قاجاری نیگەران بوە لەو نامە ناردن و هانا بردنەی سەرۆک هۆزەکانی بلباس بۆ دەولەتی عوسمانی و دالدە دانیان لە ناو خاکی عوسمانی، بۆیە کاربەدەستانی قاجاری گلەیی ئەوەیان لە کاربەدەستانی عوسمانی کردوە، کە لە پشت هاندانی هۆزەکانی بلباسەوە بونە بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ناوچە و گوندەکانی ئێران و تالانیان بکەن، ئەمەش لە بەلگەنامەیەکی قاجاری، کە لە (١٨٧٤/٥/٢٨)دا لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی قاجاری بۆ بالیۆزخانەی عوسمانی لە تاران نێردراوە ڕون دەبێتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە کراوە، لە (١٨٧٤/٥/١٠) ئەحمەد بەگ کەندە سوری و کوڕەکانی و دار و دەستەکەی بە هاوکاری ڕەسول ئاغای شوەکەلێی ئێلی بلباس و سێسەد چەکدار لە خەلکی شلێر و قزلجەوە دەستدرێژییان کردۆتە سەر خاکی دەولەتی ئێران و هێرشیان کردوەتە سەر گوندی نەرور، کە سێ فەرسەخ(٢٤کم) لە بانەوە دورە، پێنج کەسیان کوشتوە چەندین کەسیشیان بریندار کردوە، سامانێکی زۆری خەلکی گوندەکەی بەتالان بردوە، پەیامی بۆ خەلکی بانەش ناردوە ئەو شوێنەیش تەسلیم بکەن

ئەگەر نا تاڵانی دەکەین، هەرچی یاخیبوان لە دەستیان هاتوە ئەنجامیان داوە و پاشان گەڕاونەتەوە خاکی عوسمانی، بۆیە پێشنیاری ڕادەستکردن یان دورخستنەوەی ئەحمەد بەگ لە سنورەکان دەکەم، ئەگەرنا بەرپرسیاریێتی ئەم تاوانانەی ئێستای ئەحمەد بەگ و هەر شتێک لە ئایندەدا ڕوبدات بە ڕاست و ڕەوانی لەسەر شانی ئەو کەسانەیە کە ناهێڵن ناوبراو دەستگیر یان دور بخرێتەوە (وزارت امور خارجه...، جلد دوم، ١٣٦٩، ٦٤٢-٦٤٣).

ئەم سیاسەتی پەرتکردنەی هۆزەکانی بڵباس لە لایەن دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری و بەکارهێنانیان بۆ ساغکردنەوەی کێشە سنورییەکانیان، یەکێتی هۆزایەتی بڵباسی زیاتر بەرەو لێکترازان و بچوکردنەوە برد بو، دەوڵەتانی ناوبراویش هاوتەریب لەگەڵ بەردەوام بونی کێشە سنورییەکانیان، لەسەر سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە بەرانبەر بە هۆزەکانی بڵباس بەردەوام بون، ئەمەش لە نامەیەکی باڵیۆزخانەی عوسمانی لە تاران، کە لە (١٨٧٦/٢/٩) بۆ وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە، باسی ئەوە دەکات لە ویلایەتی بەغدادەوە هەواڵمان بۆ هاتوە لەلایەن هۆزی مامەش، کە هاوڵاتی دەوڵەتی عوسمانین و ماوەیەکە هاتونەتە خاکی ئێران و لەوێ نیشتەجێ بون، هەندێ جار یەک دوانیان سنور دەبەزێنن و بە گوندی (ڕاین)دا تێپەڕیون و مەڕوماڵاتی ئەو گوندەیان تاڵان کردوە و هەندێ دەست درێژی و زیانیان بەو شوێنە گەیاندوە، ئەمەش بە هۆی چاوپۆشی و یارمەتی سەربازانی ئێرانییە، هەر چەندە لەلایەن موتەسەریفی شارەزورەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکرێ، کە دەستگیر کردن و ڕادەستکردنی ئەم جۆرە هۆزانە لە پەیماننامە و ڕێککەوتنەکانی نێوان هەر دو دەوڵەتدا هاتوە، بەڵام ئەمە بێسودە و جێبەجێ ناکرێت و واش دیارە، کە شوێنەوار و بەردەوامی ئەم جۆرە حاڵەتانە زۆر جێی شەرمەزارییە و ویلایەتی ناوبراو چاوەڕوانی ئەوە لە نیاز پاکی دەوڵەتی قاجاری دەکات، کە پاسەوانانی سنور مەڕوماڵات و شمەکە بە تاڵان براوەکان بگەڕێننەوە و هۆزی ناوبراو سنور داش بکەن تاکو ئاسایشی سنورەکان زیاتر سەقامگیر ببێت و ئاشتەوایی زیاتری لە نێوان دو دەوڵەتەکەدا بێتە ئاراوە (وزارت امور خارجه...، جلد دوم، ١٣٦٩، ٦٤٧). وەزارەتی دەرەوەی قاجاری لە (١٨٧٦/٢/١٣) وەڵامی نامەکەی باڵیۆزخانەی عوسمانی لە تاران داوەتەوە، تێیدا ڕایدەگەیەنێت بەو پەڕی ڕێزەوە، کە فەرمانی پێویست بۆ شوێنی پەیوەندیدار کراوە بۆ گەڕاندنەوەی بەتاڵانبراوەکان، بەڵام ئەم بابەتە بۆ بەڕێزتان بە هیچ جۆرێک شاراوە نییە، کە هۆزی مامەش هاوڵاتی دێرین و حاشاهەڵنەگری دەوڵەتی ئێرانن و هیچ کاتێک لە مێژودا هیچ پەیوەندییەکان بە هاوڵاتی بون و نیشتەجێ بون لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانییەوە نەبوە و نییە، تەنانەت لە گەڕانی نوێنەری چوار دەوڵەتەکەش ئەم بابەتە لای ئەوان ڕونە و سەرۆکی هۆزی ناوبراو پیرۆت ئاغا فەرمانڕەوای لاجانی

موڵکی دەوڵەتی ئێران بوە، بە هاوین و زستان لە لاجان لە ژێر سایەی موڵک و شای ئێران ژیان بەسەر دەبەن، ئەمەش بە هیچ جۆرێک جێی گومان و دودڵی نییە (وزارت امور خارجه ...، جلد دوم، ١٣٦٩، ٦٤٩).

بەم شێوەیە لە دوای پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕومەوە ناوچە بڵباس نشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەمڕۆ، بونەتە چەقی ململانێ و کێشەی سنوری نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، چەندین لێژنە و دانوستان بۆ چارەسەر کردنیان پێکهات، بەڵام هیچ کامیان نەیان توانی چارەسەرێکی بنەڕەتی بابەتەکە بکەن، هەر بۆیە بە سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵی (١٨٨٠) کێشەی سنوری نێوان ئەو دو دەوڵەتە دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە، چونکە حکومەتی قاجاری لە پەرچە کرداری تێک شکاندنی شۆڕشەکەدا، ناوچە سنورییەکانی ئێڵی بڵباسی بە تەواوی کۆنترۆڵ کرد و بەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان باڵا دەست بو.

**ئەنجام**:

لە ئەنجامی خوێندنەوە و بەراوردکردنی زانیاریی سەرچاوە مێژوییەکان، توێژینەوەکە بە چەند ڕاستییەکی مێژویی گەیشت، کە لە خوارەوەدا پوختەیان دەخەینەڕو:

١- هۆزەکانی ئێڵی بڵباس پێگەیەکی گرنگیان لە ئاراستەکردنی ڕەوتی ڕوداوە مێژوییەکانی هەریەک لە دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، لە ناوچە سنورییەکاندا هەبوە، بە ڕادەیەک کە هەر دو دەوڵەتەکە بەردەوام چاویان لەسەر هۆزەکانی بڵباس بوە، بە هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی کێشەی سنوری نێوانیان هەژماریان کردون، چونکە بڵباسەکان پابەندی کۆت و بەندە سنوریی عوسمانی و قاجارییەکان نەدەبون، هەوارگەکانی کوێستان و گەرمیانیان بە موڵکی خۆیان دەزانی نەک هی حکومەتانی ناوەندی، ئەمەش وایکرد بو ئێڵی بڵباس ببێتە جێگەی باس و خواسی ناو پەیماننامە و ڕێککەوتنەکانی نێوان ئەو دو دەوڵەتە، بە تایبەتی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم و پرۆتۆکۆڵە سنورییەکانی دواتری نێوانیان.

٢- پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم، هەرچەندە کۆتایی بە دەسەڵاتی لە مێژینەی میرنشینە کوردییەکان هێنا و گۆڕەپانی کوردستانی بۆ هۆزەکان چۆڵکرد تا ئەو بۆشاییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە پڕبکەنەوە و ببنە هێزێکی کاریگەرتر و سەربەخۆتر، بەڵام لە هەمانکاتدا هەر دو دەوڵەتەکە بە ناوبژیوانی بەریتانیا و ڕوسیا، شەڕ و هەرای چەندین سەدەی نێوانیان بەرەو کۆتایی چو، بۆیە دەست کراوەتر و تەباتر بون بۆ دیاریکردنی سنوری نێوانیان و جێگیرکردنی زۆرەملێی هۆزەکانی بڵباس لە ناو خاکی عوسمانی و قاجاریدا.

٣- بە هەنگاونانی زیاتری دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بۆ دیاریکردنی هێڵی سنور و چارەسەر کردنی کێشەکانیان، یەکێتیی هۆزەکانی بڵباس زیاتر بەرەو لێکهەڵوەشانەوە و کۆتایی دەچو، ناچار بەوە دەکران گوێڕایەڵی و شوێنکەوتەیی یەکێک لەو دو دەوڵەتە هەڵبژێرن و واز لە شێوازی ژیانی کۆچەری بهێنن و نیشتەجێ ببن و خەریکی کشتوکاڵکردن بن، کە ئەمەش گۆڕانکارییەکی ڕیشەی بو لەو شێوە ژیانەی، کە چەندین سەدە بو لەسەری ڕاهاتبون.

٤- بە هۆی سیاسەتی بە زۆر نیشتەجێکردنیان، زۆربەی هۆزەکانی بڵباس لەژێر سەرکردایەتی هەمزاغای مەنگوڕ ڕاپەڕینیان دژی دەوڵەتی قاجاری بەرپا کرد و دواتریش بەشدارییەکی کارا و کاریگەریان لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا کرد، ئەمەش پێگەی ئێڵی بڵباسی لە ناو لاپەڕەکانی مێژوی کورددا زیاتر درەوشاوەتر کرد، چونکە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا قۆناغێکی وەرچەرخانە لە نێوان مێژوی نوێ و هاوچەرخی کورددا، کە ئامانجێکی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی لەپشتەوە بو.

# The Second Treaty of Erzurum and the Ottoman-Qajar border problem and their influence on Blbas (1847-1880)

**Bakhtyar Mustafa Homar[1] - Dilshad M. Abdulrahman[2]**

[1+2]History Department, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Blbas was a tribal union and consisted of Mamash, Mangur, Piran, San, Ramk, Hormzyar and Gowrk tribes in the nineteenth century. They mostly lived a semi-nomadic life in Garmian and the deserted areas caused not comply with the regulations and restrictions of the Ottoman and Qajar states. As their long-standing tradition with the drop in temperatures and getting cold, they were heading to the hot areas of the Ottoman State (South of Kurdistan), and with the rise in temperatures and decrease in the pasture, they were moving to the highlands of Qajar state (East of Kurdistan). The migration and movement of the Blbas tribes began to cross the border and violated the provisions of the peace treaties between them, so the two countries accused the Blbas tribes of being the source of instability and crossing borders. In their treaty and border protocols, both countries have consistently referred directly or indirectly to the Blbas, they planned to oblige the tribes to take orders from the central governments and be inhabited in a specific area.

The Ottoman and Qajar states used different techniques to abide the Blbas tribes such as; joint military attacks, tricks and deceptions, and creating conflicts among them. All this reveals the fact that the tribes of Blbas never gave up while they have been located in an important geopolitical position. Their courage and lack of surrender to the continuous ambitions of both states, they have always lived in an unstable and chaotic situation. They have become the major issue of the treaties and documents of the time when the Ottoman and Qajar states had a decisive impact on the history of the events in the region.

**Keywords:** Treaty Of Erzurum, Border Problem, Ottoman-Qajar, Blbas.

## پەراوێزەكان:

(١) لاجان (لاهیجان): ناوی یەكێك لە شـەش قەزاكەی دەڤەری دەوروبەری شـاری مهابادە، ئەم قەزایە كەوتوەتە ڕۆژئاوای دەڤەرەكەوە و سـنورەكانی بەم شـێوەیەیە: لە باكورەوە لەگەڵ دەڤەری نەغەدە، لە باشـورەوە لەگەڵ قەزای مەنگوڕ، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ قەزای شـارویران و هۆزی تەیمور و لە ڕۆژئاوایشـەوە لەگەڵ قەزای پیران دراوسـێیە، كەوتوەتە ناوچەیەكی شـاخاوییەوە و كەش و هەوایەكی فێنكی هەیە و ئاوەكەی لە چۆمەكانی قەڵاتاسـیان، ئاواجیر، جڵدیان، لاوێن و كانییەكانی دەوروبەر دابین دەكرێت، قەزای لاجان لە (٦٦) دێهاتی گەورە و بچوك پێكهاتوە و ناوەندی قەزاكە، گوندی پەسوێیە، دێهاتە گرنگەكانی بریتین لە: قەڵاسوێ، ئەندێزە، جڵدیان، شادڵە، سەلوێ، قەڵاتاسیان و هۆرنج. ڕێگای هاتوچۆی نەغەدە بەرەو پیرانشار(خانێ) لە بەشی ڕۆژئاوای ئەم قەزایەوە تێپەڕ دەبێت. بڕوانە: (رزم آرا، 1330، ص٤٧٤).

(٢) بۆ بینینی دەقی ڕەسەنی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم بڕوانە: (وزارت امور خارجە جمهوری اسلامی ایران، گزید اسناد سیاسی...، جلد اول، ١٣٦٩، ص٤٨٢-٤٨٥).

(٣) بە گوێرەی ماددەی سـێیەمی پەیماننامەی دوەمی ئەرزڕوم (١٨٤٧)، بڕیاری پێكهێنانی لێژنەیەك لە نوێنەرانی دەوڵەتانی عوسـمانی، قاجاری، ڕوسـی و بەریتانی درا، كە لە خەڵكانی شـارەزا و ئەندازیار پێكهاتبون بۆ دیاریكردنی هێڵی سـنوری نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، لێژنەكە لە ساڵی (١٨٤٨) دەستی بەكارەكانی كرد، شاندی عوسمانی (دەروێش پاشا)، قاجاری (میرزا جعفرخان مشـیر الدوله)، بەریتانی (كۆلۆنێل ویلیامز) و شـاندی ڕوسـی (كۆلۆنێل چیریكوف) سـەرۆكایەتی دەكرد، لە كۆتاییەكانی سـاڵی (١٨٥٢) دوای ڕوپێوكردنی هەمو ناوچە سـنورییەكانی نێوان عوسـمانی و قاجارییەكان و تەسلیمكردنی نوسخەیەك لە نەخشەی سنوری بە هەر یەك لە عوسمانی و قاجارییەكان، كۆتایی بە كارەكەیان هات، بڕوانە: (النجار، ٢٠١٦، ص١٤٣،١٤٥،١٥٨).

(٤) مەسـلەحەتگوزار: واتا (كاربەڕێكەر)، پۆسـتێك بو لە دەوڵەتی عوسـمانیدا، وەكو جێگری كونسـوڵ وابو، لە كاتی ئامادە نەبونی كونسوڵی گشتی هەمو ئیمتیازات و هێز و كاروباری كونسوڵخانەی لەبەر دەست دابو، كاروبارەكانی ڕادەپەڕاند.

(٥) دەوڵەتی عوسـمانی لە (١٨٥٨/٤/٢١) (قانونی زەوییەكانی) دەركرد، بە ئامانجی ڕێكخسـتن و پێناسـەكردنی خاوەنداریێتی زەوییەكانی دەوڵەتی عوسـمانی، كۆتایهێنان بەو ناكۆكی و ئاژاوانەی لەسـەر خاوەنداریەتی زەوییەكان دەهاتنە ئاراوە، جەختكردنەوە لەسـەر ئەوەی خاوەنداریەتی زۆربەی زەوییەكان دەوڵەتی عوسـمانییە، دەوڵەت بە دەركردنی ئەو قانونە ڕێگەی خۆش كرد بۆ دەركردنی قانونێكی سەربەخۆ بۆ چۆنیەتی كۆنترۆڵكردن و تۆماركردنی زەوی، بۆیە لە (١٨٥٨/١٢/١٤) بۆ ئەو مەبەسـتە (سیسـتەمی تاپۆ) دەرچو، بۆ تۆماركردنی خاوەنداریەتی زەوییە كشـتوكاڵییەكان، ئەویش لە ڕێگەی پێدانی بەڵگەنامەی تاپۆ بەو كەسـانە، كاتێكیش مەدحەت پاشـا (١٨٦٩-١٨٧) بو بە والی بەسـەر بەغداوە، پێنج مانگ دوای دەسـت بەكار بونی، لە مانگی ئەیلولدا دەستی كرد بە جێبەجێكردنی سیستەمی تاپۆ (النجار، 1991، ص٤٠٧-٤١٠).

(٦) حەوزی ڕوباری لاوێن دەكەوێتە باكوری ڕۆژئاوای ئێران لە شـاری پیرانشـار، هەڵكەوتەی جوگرافیای ئەم ڕوبارە دەكەوێتە نێوان (43.5.34) بۆ (45.15.53) هێڵی درێژی، (36.33.18) هێڵی پانی. ئاوەڕۆی سـەرەكی حەوزی ڕوباری لاوێن، لە بەرزاییەكانی سامرەند و میل لەنگەرەوە، سەرچاوە دەگرێت و بە ئاراستەی باكوری ڕۆژئاوا - باشوری ڕۆژئاوا

دەڕوات. لقە لاوەکییەکان بە درێژایی ڕێگاکە دەچنە پاڵیەوە، ئەم ڕوبارە بە ناوچەکانی پیرانشـــاردا دەڕوات و ناوچە کوردنشینەکانی دیکە دەبڕێت تا دەگاتە شاری سەردەشت، دواتر دەچێتە عێراقەوە (عشایری، ١٣٨٦، ص٩).

(٧) قۆتور: یەکێکە لە حەوت قەزاکەی دەڤەری دەوروبەری شـــاری خۆی لە ئێران و کەوتوەتە باشـــوری ڕۆژئاوای دەڤەرەکەوە و لە باکورەوە لەگەڵ قەزای ئەلەند، لە باشـــورەوە لەگەڵ ســـنوری تورکیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ڕەهاڵ و لە ڕۆژئاوایشـەوە لەگەڵ سـنوری ئێران و تورکیا دراوسـێیە. ناوچەیەکی شـاخاوی و کوێسـتانییە و لە (٢٧) دێهاتی گەورە و بچوک پێکهاتوە، دانیشتوانەکەی زۆربەی کوردن و موسوڵمانی سوننە مەزهەبن (رزم آرا، 1330، ص٣٨٢-٣٨٣).

(٨) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ئەو دو بەڵگەنامەیەی ئەرشیڤی دەوڵەتی عوسمانی:

BOA:HR_MKT__00688_00095_036_001.

BOA:HR_MKT__00688_00095_038_001.

(٩) بۆ زانیاری لەسەر ئەو نامانەی سەرۆک هۆزەکانی بڵباس بە مۆری خۆیان ئاراستەی (باب عالی)یان کرد بو، بڕوانە ئەم زنجیرە بەڵگەنامانەی خوارەوە:

BOA:HR_MKT__00759_00003_002_001.

BOA: HR_MKT__00760_00046_002_001.

BOA: HR_MKT__00760_00046_003_001.

BOA: HR_MKT__00760_00046_004_001.

## سەرچاوەکان:

BOA: A_} MKT_MHM__00757_00105_001_001.
BOA: HR_MKT__00590_00067_005_001.
BOA: HR_MKT__00632_00048_001_001.
BOA: HR_MKT__00632_00048_003_001.
BOA: HR_MKT__00688_00095_024_001.
BOA: HR_MKT__00688_00095_035_001.
BOA: HR_MKT__00688_00095_036_001.
BOA: HR_MKT__00688_00095_037_001.
BOA: HR_MKT__00688_00095_038_001.
BOA: HR_MKT__00759_00003_001_001.
BOA: HR_MKT__00759_00003_002_001.
BOA: HR_MKT__00760_00046_002_001.
BOA: HR_MKT__00760_00046_003_001.
BOA: HR_MKT__00760_00046_004_001.
BOA: HAT_00813_37262_C_00001.
BOA: Y__PRK_ASK__00244_00010_002_001.
BOA: Y__PRK_ASK__00244_00010_003_001.
BOA: Y__PRK_EŞA__00020_00031_002_001.

صفائی، ابراهیم، بدون سال، یکصد سند تاریخی، چاپخانه حیدری، انتشارات بابک، چاپ دوم، تهران.

وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران، ١٣٦٩، گزید اسناد سیاسی ایران و عثمانی دوره قاجاریه، جلد اول، واحد نشر اسناد، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.

وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران، ١٣٦٩، گزید اسناد سیاسی ایران و عثمانی: دوره قاجاریه جلد دوم، واحد نشر اسناد، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.

وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران، ١٣٧٢، گزید اسناد سیاسی ایران و عثمانی: دوره قاجاریه جلد ششم، واحد نشر اسناد، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.

عشایری، مصطفی امیر، ١٣٨٦، بررسی هیدرو اقلیم حوضه رودخانه لاوین پیرانشهر، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه زنجان، دانشکده علوم انسانی.

نانەکەلی، لقمان فاروق، ٢٠١٤، کورد لە مێژو و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا وەک گورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لەو سەردەمەدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

پاشا، محەمەد خورشید، ٢٠١٩، گەشتنامەی سنور، لە نێوان دو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، وەرگێڕانی: مەحمود هۆمەر باوزی، بڵاوکراوەی ناوەندی فێربون، هەولێر.

زەکی، محەمەد ئەمین، ٢٠٢١، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، جلدی ئەوەل، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، تاران.

حوزنی، حوسێن، ٢٠٠٧، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب٢، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

خەلفین، أ.، 1971، خەبات لەرێ ی کوردستاندا، و: جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.

عەبدوڵلا، نەجاتی، 2015، کوردستان و کیشەی سنوری ئێرانی– عوسمانی (1639-1847)، چ2، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

فاضلی، میرزا ابراهیم، ١٣٩٨، تاریخ مامش، مقدمه و تصحیح: کامران ثنائی، چاپخانه گوتار، سەقز.

محمد، محمود احمد، ١٩٨٩، مێژوی هۆزی بڵباس لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاڤگە، سلێمانی.

صالح، صدیق و صالح، رفیق، ٢٠١٠، نامەء هفتگی کوهستان شمارە (١-٨٤)، چاپخانە شڤان، بنیاد ژین، سلیمانی.

حکیم زادە، فریدون، ١٣٨٩ شمسی، ساوجبلاغ مکری (مهاباد در ایینەی اسناد تاریخی)، انتشارات مرکز نشر فرهنگی هیوا، مهاباد.

عبدالله، نجاة، ٢٠٢٠، الامبراطوریات، الحدود والقبیلة؛ کردستان ونزاع الحدود الترکي-الایراني 1843-1932، ترجمة: سعاد محمد خضر، مشروع مشترک مرکز ژین للتوثیق والدراسات و دار جمال عرفان الثقافیة، تهران.

النجار ب، جمیل موسی، ٢٠١٦، العلاقات العثمانیة الإیرانیة تطوراتها وتأثیر العراق العثمانی فیها وانعکاسها علیه ١٨٢٣-١٨٧٥، منشورات مشترک بین دار الرافدین و دار عدنان و Opus Publisher، لبنان، العراق و کندا.

النجار أ، جمیل موسی، 1991، الأدارة العثمانیة في ولایة بغداد من عهد الوالي مدحت باشا إلی نهایة الحکم العثماني 1896 – 1917، مطبعة مکتبة مدبولي، القاهرة.

رؤوف، عماد عبدالسلام، ٢٠١٢، دراسات وثائقیة فی تأریخ الکرد الحدیث وحضارتهم، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع، دمشق- سوریا.

Karadeniz, Yılmaz, İran Tarihi (1700-1925), Selenge Yayınları, Istanbul, 2012.

Ali, Othman, 1997, Southern Kurdistan during the last phase of Ottoman Control 1839-1914, Journal of Muslim Minority Affairs, Vol. 17, No. 2.

Ateş, Sabri, 2013, The Ottoman-Iranian Borderlands Making a Boundary 1843-1914, Cambridge University Press, USA.

Farmanfarmaian, Roxan, 2008, War and peace in Qajar Persia Implications past and Present, Published by Routledge Tylor and Francis Group, London and New York.

Vali, Abbas, 2011, Kurds and The State in Iran, Published by I.B.Tauris & Co Ltd, London.

احمد، ابراهيم خليل، 1989، الحياة الاجتماعية في ولاية الموصل، مجلة المؤرخ العربي، ع(39)، س(15).

أحمد، بيداء محمود، 2006، الحدود العراقية الإيرانية، مجلة دراسات والبحوث الوطن العربي، العدد (20-21)، جامعة المستنصرية.

صالحی، نصرالله، ١٣٩٥، لوایح انتقادی میرزا محبعلی‌خان ناظم الملک در رد ادعاهای ارضی نمایندگان عثمانی، پژوهشنامه تاریخ تمدن اسلامی، سال چهل و نهم، شماره یک.

رزم آرا، حسینعلی، ١٣٣٠، فرهنگ جغرافیائی ایران، استان ٣ و ٤ آذربایجان، انتشارات دایره جغرافیائی ستاد ارتش.